# دەرکەوتنی زانستی کوردناسیی لە ڕوسیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا

**پ. ی. د. ئارام عەلی مستەفا**
**بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**زانکۆی سلێمانی**

**پوختە**

هەرچەندە ناسین و ئاشنابوونی کورد لەلایەن ڕوسەکانەوە بۆ سەدەکانی دەیەم و یانزەیەم و دواتریش سەرەتای سەدەی هەژدەیەم دەگەڕێنەوە، ئەویش ئەو کاتەی ڕوسەکان، وەک پەلاماردەر یان بازرگان و گەڕیدە، بۆ ئەو ناوچانەی پشتقەفقاز دەهاتن، کە دەمێک بوو کوردیان تێدا دەژیا و تەنانەت ماوەیەکیش فەرمانڕەواییان دەکرد. بەڵام ئەو پەیوەندییانە کورتخایەن بوون و تۆمار نەکراون. پەیوەندی ڕاستەوخۆ و درێژخایەن لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا دەستی پێکرد، ئەویش لە ئەنجامی لکاندن و داگیرکردنی قەفقاز و پشتقەفقاز و ئەو جەنگانە بوو، کە لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا لەنێوان ڕوسیا لەگەڵ ئێران و دەوڵەتی عوسمانییدا قەومان. ڕوسەکان لە سەرەتادا بایەخێکی زۆریان بە کورد و پەیوەندی لەگەڵ کورددا نەدەدا، تا ئەو کاتەی هێز و لێهاتوویی و کەسایەتی کوردیان بۆ دەرنەکەوت و هەستیان بە پێویستی پەیوەندییکردن و ڕاکێشان یان بێلایەنکردنی کورد، بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان نەکرد. بایەخدانی کورد و لێکۆڵینەوە لەسەر کورد، لەو قۆناغەدا تەنیا ناڕاستەوخۆ و بێبەرنامە، زۆرتر لەناو لێکۆڵینەوەی گشتی ڕۆژهەڵاتناسیی و یاخود گەشتنامە و زانیاریی سەرپێیدا بوو. بەڵام ئیتر لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، بە بڕیاری ئاستبەرز و مەڵبەندە ئەکادیمییەکان دەست بە کۆکردنەوەی سەرچاوە لەسەر کورد و دەستنووسی کوردی و لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کورد، وەک: زمان و ئەدەب، مێژوو و ئەتنۆگرافیا کرا، بۆ ئەو مەبەستەش، لەناو ڕوسیادا کەسانی وەک پیوتەر لێرخ ڕاسپێردرا لێکۆڵینەوە لەسەر کورد بکات و لە دەرەوەش، کەسانی وەک ئەلکساندەر ژابا ڕاسپێردرا دەستنووسی کوردی و سەرچاوەی کوردی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کۆبکاتەوە و ئیتر لێرەوە بناغەی کوردناسیی، وەک زانستێکی سەربەخۆ و لقێکی ڕۆژهەڵاتناسی داڕێژرا.

**الملخص**

بعد أن اختارت الإمبراطورية الروسية التدخل في صراعات القوى العظمى في الشرق الأوسط حيث كانت هناك تغييرات جذرية في المشهد السياسي، فقد حولت بالتالي نهجها لتوسيع السيطرة المباشرة على مناطق واسعة إلى جنوب غرب آسيا، بهدف الوصول إلى القوقاز والمناطق المتاخمة لها لفرض هيمنتها. ومع ذلك ، كانت إيران والإمبراطورية العثمانية هي العوائق الرئيسية أمام التوسع الروسي في ذلك الوقت ، وكانوا في حروب مع روسيا على التوالي.

وقعت معظم هذه المعارك على الأراضي الكردية ، حتى أنهم ، بوصفهم سكان المنطقة، شكلوا أجزاء مهمة من الجيوش العثمانية والإيرانية في الحروب ضد روسيا. كان الروس في البداية يشكّون في الأكراد ولم يعطهم الكثير من الاهتمام. ومع ذلك ، عندما أتضحت أهمية الكرد في المعادلات السياسية و العسكرية، بدأ الروس بالتفاعل مع الكرد بهدف تأمين تحالفهم. ولتحقيق ذلك ، استخدم الروس جميع الوسائل الممكنة، أي من خلال الدبلوماسيين وممثلي الحكومة. في هذا الصدد ، كان على المسؤولين الروس الحصول على معلومات حول جوانب مختلفة عن الكرد، بما في ذلك على سبيل المثال لا الحصر، لغتهم، أدبهم، تاريخهم، أساطيرهم وتقاليدهم ومعتقداتهم الدينية و ألخ. خلال هذه الفترة، سُئلت من قبل أكاديمية العلوم الروسية أشخاص مثل بيتر ليرخ و ألكسندر جابا لبدء دراسة عن الكرد وجمع البيانات عنهم.

هذا البحث يتناول في الظروف التي أدت إلى أهتمام روسيا بالكرد و بداية العلاقة مع الشعب الذي لم يكن معروفاً بشكل جيد في روسيا، والتي بدأها لأول مرة الدبلوماسيون الروس وغيرهم من الموظفين السياسيين و الضباط العسكريين الموجودين في المنطقة. علاوة على ذلك ، ينظر إلى العوامل المختلفة وراء اهتمام روسيا بدراسة الكرد، التي تم تطويرها بعد ذلك كأساس للدراسات الكردية (كردولوجيا)؛ كجزء مستقل من الاستشراق الروسي.

## Abstract

After the Russian Empire had chosen to intervene in the Great Powers' conflicts in the Middle East where dramatic changes in its political landscape were underway, they thus shifted their approach to extend direct control over vast areas to south-west Asia, aiming to reach the Caucasus and the regions beyond to further impose their hegemony. However, Iran and the Ottoman Empire were the major barriers to Russian expansion at that time, and they were being at wars with Russia respectively.

Most of these battles happened on the Kurdish lands, and they, as residents of the area, even made significant parts of the Ottoman and Iran's armies in the wars against Russia. The Russians were initially doubtful of the Kurds and did not give them much attention. However, when the Kurds' significance in the political equations was evident, the Russians started to engage with the Kurds aiming to secure their alliance. To achieve this, all possible means were used by the Russians, namely through their diplomats and government representatives. In this regard, the Russians officials had to acquire information about various aspects of the Kurds, including but not limited to, their language, literature, history, mythology, tradition, religious beliefs and even an understanding of their psychology. It was during this period when people like Peter Lerch and Alexandre Jaba were asked by the Russian Academy of Sciences to start studying the Kurds and collecting data on them.

This paper examines the circumstances leading to the Russian engagement with the Kurds, which was first initiated by the Russian diplomats and other political/military officers based in the region. It, moreover, looks at the various factors behind Russia's interest in the study of the Kurds, which was then developed as a basis of Kurdology; an established discipline as part of Russian Orientalism.

## پێشەکی

دوای ئەوەی ڕوسیا وەک دەوڵەتێکی زلهێز هاتە ناو گۆڕەپانی ململانێی زلهێزە ئەوروپییەکان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا ڕوسەکان بڕیاریان دا سنوری دەوڵەتەکەیان بەرەو باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا تا دەگاتە پشتقەفقاز درێژبکەنەوە، هەژموونی خۆیان نەک تەنیا بەسەر دەریای ڕەش بسەپێنن، بەڵکو بەرەو

دەریـای ناوەڕاسـتیش بـێن. بەڵام هەردوو دەوڵەتـی عوسـمانیی و ئێـران، لەبەردەم جێبەجێکردنـی نەخشـەکانیاندا بەربەست بـوون. تەنیـا لە سـەدەی نۆزدەیەمـدا ڕوسیا لە دوو جەنگدا ڕووبەڕووی ئێـران و لە چواریشـدا ڕووبەڕووی دەوڵەتـی عوسـمانیی بـووەوە. بەشـی هەرە زۆری ئەم جەنگانەش لەسـەر خـاکی کوردسـتان بـوون و کـوردیش، وەک نیشتەجێی ناوچەکە و وەک بەشێک لە سوپای عوسمانیی و ئێران، لایەنێکی گرنگی بەشداربووی ئەو جەنگانە بـوون. کاربەدەستانی ڕوسیا لە سەرەتادا بەگومانەوە سەیری کوردیان دەکرد و بایەخێکی ئەوتۆیـان پـێ نەدەدان، بەڵام دوای ئەوەی پێگەیـان لە هاوکێشـەکەدا دەرکەوت، هەوڵیـان دەدا تـا لایەنگریـی کـورد بەدەسـت بێنن. ئیتـر لە ناوەڕاسـتی سەدەی نـۆزدەیەمەوە کەوتـنە بایەخـدان بە کـورد. بـۆ ئەو مەبەسـتە لە ڕێگەی کاربەدەسـت و دیپلۆماتکارەکانیـانەوە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندییان لەگەڵ کورددا دەدا. کاربەدەستانی ڕوسیا لە سەرەتادا پێویستیان بەوە بوو زانیـاری لەسەر زمان و ئەدەب، مێژوو و ئەتنۆگرافیا، دابونەریت و زۆر لایەنی تری ژیانی کورد کۆبکەنەوە. هەر لەو سەردەمەدا کەسـانی وەک پیـوتەر لێـرخ و ئەلکسـاندەر ژابـا لەسـەر داوای ئەکادیمیـای زانسـتیی ئیمپراتـۆری ڕوسـیا کەوتـنە کۆکردنەوەی سەرچاوە و دەستنووس و لێکۆڵینەوە  لەسەر کورد.

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

زۆر نووسین و توێژینەوە لەسەر کوردناسیی بەگشـتی و کوردناسـان کـراون، بەڵام تیشـکنەخراوەتە سـەر هۆکـارە ڕاسـتەقینەکانی دەرکەوتـن و بایەخپێـدانی ڕوسـیا بەتـایبەتی، ئەویـش دوای ئەوەی، وەک داگیـرکەری سـێیەمی نیشتیمانی کورد هاتە ناوچەکەوە و ڕاستەوخۆ دەبوو لەگەڵ کورددا لە پەیوەندییدا بێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامـانجی ئەم تـوێژینەوەیە ئەوەیە، کە بەشـێوەیەکی ئەکادیمیـانە و بەپشتبەسـتن بە سـەرچاوەی ئەکـادیمیی و زانسـتی بە زمـانی جیـاواز هەلومەرجەکـانی دەرکەوتـن و بەهێزبـوونی زانسـتی کوردناسـیی لە ڕوسـیا بخـاتەڕوو و شرۆڤەی ئامانجەکانی ڕوسیاوە لە برەودان بەو پەیوەندییە و وردبوونەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کـورد بـدەن، کە لە ئاکامدا بوون بە بناغەیەک بۆ دروستبوونی کوردناسیی لە ڕوسیادا.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی توێژینەوەکە، ڕێبازی مێژوویی شیکارییە، کە تیایدا زانیارییە مێژووییەکان بەشێوەیەکی بابەتیی دەخـرێنە ڕوو، لە شوێنێکیشـدا پێویسـت بە یەکلاکـردنەوەی زانیارییەکـان بوویێـت، پشـت بە ڕێبـازی لـێگەڕان و بەراوردکـاریی بەستراوە.

**سنوری کرۆنۆلۆجی توێژینەوەکە:**

**سـنوری ژێـرەوەی تـوێژینەوەکە،** کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەیەم، وەک سـەرەتای دروسـتبوونی پەیوەنـدی ڕوسـەکان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کورد بەتایبەتی؛

**سـنوری سـەرەوەی تـوێژینەوەکە،** بایەخـدانی ڕوسـیا بە کـورد و ڕاسـپاردنی چەنـد دیپلۆماتێـک بـۆ کـۆکردنەوەی سەرچاوە و چەند زانایەک بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان، مێژوو و ئەتنۆگرافیـای کـورد و دروسـتبوونی دیسـپلینێکی زانسـتی لەژێر ناوی کوردناسییدا.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە پێشەکی، دوو بەش و چوار باس و چەند تەوەرێـک پێکهـاتووە و بە پـوختەیەک بە زمـانی کـوردی، هەروەها کورتەیەک بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیی و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

**بەشی یەکەم:** پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ڕوسیا لە سەرەتای جەنگەکانی نێوان ڕوسیا، ئێران و دەوڵەتی عوسمانی.

**١ -١ پەیوەندییە سەرەتاییەکانی کورد و ڕوسیا پێش سەدەی نۆزدەیەم؛**

لە جەنگەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە کۆتایی سەدەی شازدەیەم، کورد لە تەک سوپای عوسمانیدا و لە دژی ئێران شەڕیان دەکرد. بەشێکی فراوانی قەفقاز، کە ئەو کاتە لە ژێر دەستی ئێراندا بوو، لە ئەنجامی ئەو جەنگانەدا کەوتنە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی، بە تایبەتی لەو جەنگەی لە ساڵی ١٥٨٩ کۆتایی هات. بەشێک لە شەڕکەرانی کورد و هۆزەکانیان لەو ناوچانەش مانەوە و لە دواییدا هەر لەوێ نیشتەجێ بوون. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە کوردە کۆچەرەکان هەوارگە و هەواریان فراوانتر کرد و تا نزیک ئێریڤان لە ئەرمینیا و باکۆ لە ئازربایجان دەکشان. لەو کاتەدا هێشتا هاووڵاتی(ڕەعییە)ی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بوون. ئەمانە هەموویان لە سەدەی نۆزدەیەم کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاوە.(جەبار قادر، ٢٠١٦: ١)

کورد، نەک هەر پێش هاتنی ڕوس بۆ ناوچەکە بە ماوەیەکی زۆر، دەستیان بەسەر بەشێک لە ناوچەی پشتقەفقازدا گرتبوو، بەڵکو ململانێیان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بەهێزی وەک گورجەکانیشیان کردووە، لەم بارەیەوە مینۆرسکی دەڵێت: "سەرچاوە کوردییەکان، وا باس دەکەن کە هۆزی ڕۆژەکی بەدلیسی داگیرکردووە و سەرپێچی میر داودی گورجییان کردووە، هەر لەم سەرچاوانەدا وا هاتووە، کە هەر لە ساڵی ٨٧٣ی ز. خێزانە کوردەکان لە بەدلیسدا فەرمانڕەوایەتیان کردووە، ئەم ڕووداوانە لە سەدەی دەیەم و یانزەیەمدا ڕوویان داوە".(مینۆرسکی،١٩٨٤: ٥١ - ٥٢)

مینۆرسکی لەبارەی کوردی پشتقەفقازەوە دەڵێت، کە"هەندێ کەس ڕایان وایە لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی مەلا ئیدریس کوردی بۆ ئەو ناوچانە گواستۆتەوە، کە ئەرمەنی تیا دادەنیشن، بەڵام کورد پێش ئەو ماوەیە بە کاتێکی درێژ لەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام ئەوەی بەشێک لەم هۆزانە کۆچەر بوون ڕاستە، بەڵام بەشەکەی تری لەپاڵ ئاینی ئیسلامیدا بوو، کە لەو ناوچەیەدا بڵاوبووەوە و دژایەتی مەسیحیەکانی دەکرد، لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە باوباپیری سەلاحەدینی مەزن، لە هۆزی ڕەوەند[1]، لە سەدەی دەیەمدا لە دوروپشتی قەڵای دوینی سەر بە ناوچەی ئێریڤاندا، بار و بارگەی خۆیانیان خستووە".(مینۆرسکی،١٩٨٤: ٥١)

دوای بەهێزبوونی ئیمپراتۆریی ڕوسیا لە سەردەمی پیوتەری یەکەم، ڕوسیا پێویستی بەوە بوو سنورەکەی بەرەو باشور و ئاوە گەرمەکان فراوان بکات، بەڵام لە باشوردا، ئێران و دەوڵەتی عوسمانی ڕێگرییان لێدەکرد. ئێران زۆربەی داگیرکردبوو. ڕوسیا لەپێشدا دەبوو ئەو ناوچانەی قەفقاز و پشتقەفقاز لە ئێران بسەنێت، تا بتوانێت وەک بنکە و پێگەیەک بۆ جموجۆڵەکانی داهاتووتری سودیان لێوەربگرێت. هەرچەندە پێشتر هێرش و پەلاماری ڕوسیا بۆ سەر ئەو ناوچانە کرابوون، بەڵام جەنگی جدی و لێبڕاوانە ساڵی ١٧٢٢-١٧٢٣ بوو،کە پیوتەری یەکەم خۆی سەرپەرشتی هەڵمەتێکی گەورەی لە وشکایی و لە دەریای قەزوێنەوە بۆ سەر هێزەکانی ئێران لە پشتقەفقاز کرد.(برۆکگاوزە، ١٨٩٠-١٩٠٧: ٣٦٧) دوای ئەوەی ڕوسەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و لەشکری تورکیش هاتە ناو قەفقازەوە، ئێران ناچار بوو لە ١٢ ئەیلولی ساڵی ١٧٢٣ دا لە پیتربورگی پایتەختی ئیمپراتۆریی ڕوسیا ڕێکەوتنی ئاشتی مۆربکات.

ڕوسیا دەستبەرداری ناوچەکانی ناوەڕاستی پشتقەفقاز، وەک گورجستان، ئەرمینیا و بەشی ڕۆژئاوای ئازەربایجان بوو، تا دواتر ساڵی ١٧٩٥، کاتێک گورجستان کەوتە بەر لێشاوی پەلامارێکی گەورەی ئێران، یەکاترینای دووەم هێزێکی

---

[1] بۆ زانیاری سەبارەت بە هەردوو دەوڵەتی کوردیی ڕەوەندیی و شەدادیی، سەیری:

گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژ. ٣٣ ، ٢٠١٢، د. ئارام عەلی "پەیوەندی نێوان کورد و ڕوس لە سەدەی دەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم"

هەشت هەزار کەسی ڕەوانەکرد و بەدوای ئەمانیشدا لەشکرێکی ٣٥ هەزاری تری نـارد. بەڵام بەهـۆی مردنـی ئیمپراتـۆر یکاترینـاوە، چالاکییە جەنگییەکان دژ بە ئێران وەستێنران.(برۆکگاوزە، ١٨٩٠- ١٩٠٧: ٣٦٨)

**١-١-٢داگیرکردنی پشتقەفقاز و بەشێک لە خاکی کوردستان لەلایەن ڕوسیاوە**

لە کۆتایی سـەدەی هەژدەیەمـدا وەرچەرخـانێکی چۆنـایەتی لە ململانێـی نێـودەوڵەتی لەسـەر دەسبەسـەرداگرتنی پشتقەفقازدا بە قازانجی ڕوسیا ڕووی دا. ئەمەش لە ئاکامی چەند هۆکارێکدا بـوو. هێـزە چالاکەکـانی نـاوچەکە تەنیـا ڕوسـیا، ئێـران و دەوڵەتـی عوسـمانی،"لـوتکە"ی "سێگۆشـە" جیۆپـۆلیتییەکە نەبـوون، بەڵکـو ئەوانەش بـوون، کە لەنێوانیانـدا گیریـان خواردبـوو، وەک گورجسـتان، خاننشـینیی قەرەبـاخ و دەربەنـد – کوبـانی، یەکێتیـیە گەورەکـانی داغستان. بەڵام ڕۆڵی کاریگەرانەی بچووکتر، هی دەسەڵاتدارەکانی پشتقەفقاز نەبوو.(دێگۆیف، ٢٠٠٣: ٥٠) چونکە ئەم هێزە بچووکانە لە ئاست توانا و دڕندەیی هەر سێ دەوڵەتەکەدا، نەیاندەتوانی بە ئاسـانی پێگەی خۆیـان لەو دابەشـکردن و لایەنگیـرییەدا دیـاریی بـکەن، هەر بـۆیە لەو دۆخە سـەختەدا، نە هاوپەیمـانیی بەردەوام و نە دوژمنـی هەتاهەتـایی هەبوو. لەلایەکی ترەوە، ئەم قەوارانەی پشتقەفقاز ، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ڕۆڵـی دڵخـوازی خۆیان، لە ئاکامدا زۆرتر ببوون بە بابەت و ئۆبجێکت، وەک لەوەی یاریکەری گەمە سیاسییە گەورەکە بـن ، لەبەر ئەوە ناچـار دەبـوون خۆیـان بە یەکێـک لەو دەوڵەتە بەهێـزانەوە ببەسـتن. هەر لەم ڕوانـگەیەوە، شانشـینیی گورجسـتانی ڕۆژهەڵات لە سەردەمی ئیراکلی دووەمدا و چەنـد "مینـی - شانشـینی" یەکـی تـر بژاردەیەکـی ڕوونیـان لە سیاسـەتی دەرەوەیانـدا کـرد و بەهـۆی پارسـەنگبوونی هێـز لە پشـتقەفقاز بەلای ڕوسـیادا، ڕێچـکەی دیپلۆماتییـان لە جەنگـی ناوچەکەدا گرتەبەر.(دێگۆیف، ٢٠٠٣: ٥١)

لە ئەنجـامی یەکگرتنـی ئارەزوومەنـدانەی گورجسـتان(١٨٠١) و ئیمیرتـی و مینگریلـی( ١٨٠٤) لەگەڵ ئیمپراتـۆریی ڕوسیا، داگیرکردنی خاننشینی گەنجەی لەلایەن تسـیتیانۆڤەوە(١٨٠٤)، یەکگرتنـی تەواوەتـی خاننشـینەکانی قەرەبـاخ، شـاکین و شـوگال بەبـێ خوێنڕشـتن(١٨٠٥)، بەیەکجـاریی سـنورەکانی قەفقـازی بـۆ پشـت زنجیـرە چیاکـانی قەفقـاز گواستەوە و لە هەرێمی ئازەربایجان و خاننشینیی ئێریڤانەوە، ڕوسیای کرد بە هاوسێی ئێـران؛ لە پاشـالیکی قـارس و ئاخاڵتسیخیشـەوە، واتە ئەو ناوچـانەی، کە خـێڵە کوردەکـان بەشـێکی دانیشـتوانیان پێکـدەهێنا، بـوو بە هاوسـێی دەوڵەتی عوسمانیش(ئەڤیریانۆڤ، ١٩٠٠: ١)

**١-٢-١ پەیوەندی کورد و ڕوسیا لە جەنگەکـانی ڕوسیا لەگەڵ ئێـران و عوسـمانی لە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نۆزدەیەم**

ڕوسەکان دوای ئەوەی دەستیان بەسەر باکوری پشتقەفقازدا گرت، دەبوو سەرەتا پەیوەندی بەو کـوردانەوە بـکەن، کە بەشـێکی دانیشـتوانی ئەو ناوچانەیـان پێـک دەهێنـا و خـاوەنی هێزێکـی جەنگـاوەری چـالاکیش بـوون و کـار بـۆ بەدەستهێنانی لایەنگیرییشـیان بـکەن، لەم بـارەیەوە ئەڤیریـانۆڤ دەڵێـت:"کاتێـک لەشکری ڕوس گورجسـتانی گـرت، تسیتیانۆڤی سەرلەشکریان لە ٢٤ی تەموزی ١٨٠٤دا نامەیەکی بۆ حوسێن ئاغای سەرۆکی کوردە کۆچەرەکـانی ئێریڤـان نارد، کە سوارەکانیان خستبووە ژێـر فەرمانـدەیی لەشـکری ئێـرانەوە. سەرلەشـکری ڕوس داوای لە حوسـێن ئاغـا کـرد، ببێتە لایەنگری ڕوسیا، بە مەرجێک هەموو مافەکانی بپارێزێت و هەر بە سـەرۆکی خێڵەکـانی بمێنێتـەوە".(ئەڤیریـانۆڤ، ١٩٠٠: ١٤). شـایانی باسـە، کە ژمـارەی ئەو کـوردانەی لەو کـاتەدا لە ئێریڤـان لەژێـر دەسـەڵاتی حوسـێن ئاغـادا بـوون، دەگەیشتە ٨ هەزار خێزان، کە بەبێ هیچ کەند و کۆسـپێک کۆچیـان بـۆ خاننشـینی گەنـجە و ویلایەتەکـانی بایەزیـد و قارس دەکرد. هەرچەندە ئەوان زۆر کەم دانیان بە دەسەڵاتی ئەو لایەنانەدا دەنا.(ئەڤیریانۆڤ، ١٩٠٠: ١٣)

ساڵی دواتریش فەرماندەی لەشکری ڕوسیا لە پشتقەفقاز، جەنەراڵێکی ڕاسپارد پەیوەندی بە کوردی ئێریڤانەوە بکات. ئەوانیش بەڵێنیان دا کوڕە بچووکی خانی ماکۆ، وەک بارمتە، بۆ لای ڕوسەکان بنێرن، بەڵام بەڵێنەکەی خۆیان نەبردەسەر و هیچ بەشدارییەکیشیان لە پەلامار بۆ سەر ئێریڤان لە تەک لەشکری ڕوسدا نەکرد.(ئەڤیریانۆف، ١٩٠٠: ١٦)

کاربەدەستانی ڕوسیا دەیانویست کوردەکانی هەرێمی ئێریڤان بەلای خۆیاندا ڕابکێشێن، هەروەکو چۆن ئەرمەن و ئاسورییان ڕاکێشابوو، چونکە دیارە سوارەکانی حسێن ئاغا زۆر ڕێکوپێک و لێهاتوو بوون، بۆیە تسیتیسیانۆڤ بەتایبەت داوای کردوون. مۆریس دوکوتز بوئە، کە هەر لەو ساڵانەدا بە ناوچەی قەفقازدا تێپەڕبووە، باسی ئەوەی کردووە چۆن چەند هەزار سوارەیەکی کوردی بینیووە، کە بە پێی جلوبەرگ و چەکیان زۆر لە هی سوارەکانی ئێریڤان و تەورێز ڕێکوپێکتر بوون.(ئارام عەلی،١٩٩٩: ٤٣)

وەک لەمانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کورد هەر لە سەرەتای هاتنی لەشکری ڕوسی و جەنگی ١٨٠٤-١٨٠٥ کەوتۆتە ژێردەستی ڕوسیاوە و دانوستاندن لە نێوانیاندا پەیدا بووە، نەک وەک مینۆرسکی دەڵێت:"پەیدابوونی کورد لە ئیمپراتۆریی ڕوسیادا بۆ دوای مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان لە ١٨١٢ لەگەڵ ئێراندا دەگەڕێتەوە، کە ناوچەی ئێلیزاڤێتەپۆڵ بە ڕوسیاوە لکێنرا.(مینۆرسکی، ١٩٨٤: ١٧٣) دیارە مینۆرسکی ڕەچاوی ئەو کوردانەی نەکردووە، کە چەندان سەدە پێشتر لە گورجستان بوون، یاخود ئەوانەی گەنجە و پەرتاڤا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شەدادییەکاندا. ڕەنگە ئەوەیان ڕاستتر بێت بوترێت لە دوای مۆرکردنی پەیمانی گوڵستان بەشێکی تری کوردستان و خاکی کورد کەوتۆتە ناو سنوری ڕوسیاوە. کاتێکیش ڕوسیا هەرێمی ئێریڤانی گرت، کوردەکانی ئەوێش خرانە سەر ئیمپراتۆریی ڕوسیا و بەمەش ژمارەی کوردی ناو سنوری ڕوسیا زۆرتر بوو.

ئەڤیریانۆڤ سەبارەت بە گۆڕانی هەڵوێستی کورد بەرامبەر ڕوسیا دەڵێت، کە "کوردەکان لە سەرەتا لە ڕیزی دوژمنەکانی ئێمەدا؛ واتە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بوون، بەڵام پاشان بوون بە هاوپەیمانی ئێمە یا بە بێلایەنبوونی خۆیان لە شەڕەکاندا یارمەتیەکی زۆری ئێمەیان دا و لە زۆر جێگا و شەڕدا لە سایەی کوردەکانەوە ئێمە سەرکەوتنمان بەدەست دەهێنا. دیارە یارمەتیدانی کورد بە ڕوسیا لە ڕوانگەی ئەو بۆچوونانە بووە، کە ڕوسیا لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران پێشکەوتووتر و بە وەفاترە، کە تا ئەو دەم دەوڵەتی عوسمانی و شای ئێران دەسکەوتێکیان بۆ گەلی کورد نەبووە و بەڵکو ئەمجارە بە یارمەتی ڕوسیا لەدەست ئەم دوو ئیمپراتۆرییەی سەدەکانی ناوەڕاست ڕزگاری بێت و خزمەتێکی زۆریشی بۆ ئەم مەبەستە کردووە.(ئەڤیریانۆڤ،٢٠٠٤: ٤)

مینۆرسکیش لەم بارەیەوە دەڵێت، کە لەوانەیە تێگەیشتنە ئایینییەکان وا لە کورد بکەن هاوبەشی جەنگ بکەن، بەڵام لە کاتێکدا فەرمانڕەوایی نوێ هەوڵی داگیرکردنیان دەدات، هەر هیچ نەبێت، تا ڕادەیەک پارێزگاریی لە زەوی و زار و کێڵگەکانی خۆیان دەکەن. ئەوەش کە پەیوەندی بە جەنگی ١٨٢٦-١٨٢٧ەوە بێت، ئەڤیریانۆڤ ڕاستی کردووە، کە دەڵێت:"کوردەکان بەرگرییان لە سەرداری ئێریڤان نەدەکرد"، بەڵکو بەرگرییان لە سەربەخۆیی نیشتیمانەکەیان دەکرد.(مینۆرسکی،١٩٨٤: ١٣٩) هەرچەندە هەندێک لە کاربەدەستانی ڕوس لە ناوچەی قەفقازدا تەنانەت پێیان باش بوو، کە بە مەبەستی ڕاکێشانی کورد و دروستکردنی هەژموون و کاریگەریی لەسەریان، هەندێک لە ناوچە کوردنشینییەکانی وەک ویلایەتی بایەزیدیش بە ڕوسیاوە بلکێنرێن، بەڵام ئەم بیرۆکەیە سەری نەگرتووە، یاخود لە ڕاستیدا هیچ کاری بەرچاوی پی نەکراوە.(ئارام عەلی،٢٠١٢: ژ٣٣)

دوای ئەو نزیکبوونەوەیەی نێوان ڕوسیا و کورد، کاربەدەستانی ڕوسیا دەستیان بە پێکهێنانی هێزی سەربازیی لەو کوردانە کرد، کە ببوونە هاووڵاتی(ڕەعیەت) ڕوسیا، لەم بارەیەوە، مینۆرسکی دەڵێت:"لە ساڵی ١٨٢٨دا و لە

جەنگەکانی ڕوسیا دژی تورکەکان چوار تیپی موسڵمانمان هەبوو، یەکێک لەوانە بوو لە سوارەی کوردی بژاردە پێکهاتبوو، سەرکردەی تیپەکە ئەفسەرێکی ڕوسی و یاریدەدەرەکەشی بەگێکی کورد بوو، هاوڕێیەکی ڕوسی و مەلایەک و پۆستەچیەکیشی هەبوو. لە جەنگی کریمیشدا دوو تیپی کوردییمان هەبوو، یەکەمیان تیپی قارس، دووەمیشیان تیپی ئێریڤان بوو، سەرتیپی دووەم مایۆر جەعفەر ئاغا بوو، کە لەدواییدا بەرزبووەوە تاوەکو گەیشتە پلەی جەنەراڵ، گەلێ خزمەتی زۆر چاکی کرد، چونکە بەهۆی ناوبانگی کەسایەتییەوە دەیتوانی کار بکاتە سەر کوردەکانی دەرەوە، و هەموو مناڵ و وەچەکانی موچەی خانەنشینییان لە حکومەتی ڕوسی وەردەگرت، یەکێکیان عەلی ئەشرەف شەمسەدینۆڤ بوو، کە دوایی بوو بە سەرۆکی کوردەکانی ڕوسیا ".( مینۆرسکی،١٩٨٤: ١٧٤- ١٧٥).

دوای ئەوەی ساڵی ١٨٢٩دا ڕێکەوتنی ئەدریانەپۆڵ مۆرکرا، ناوچەی بایەزیدیش چووە ژێر دەسەڵاتی ڕوسیاوە، ئیتر لەو کاتەوە، کاربەدەستانی ڕوسیا هانی کوردیشیان دەدا کۆچ بۆ ناو سنوری ڕوسیا بکەن، لەڕاستیشدا ئەو هاندان و بایەخپیدانە بووە هۆی ئەوەی چەند خێڵێکی کورد کۆچ بۆ ناوچەکانی قەفقاز بکەن و دواتریش لە شەڕی کریم(قرم) لە ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٦ دا دوو ئاڵای تریشیان لە کورد دروستکرد.(ئەمین زەکی، ١٩٨٤: ١٧٤-١٧٥)

ڕوسیا وەکو زلهێزێک مەبەستی سەرەکیی فراوانکردنی سنوری خاکی خۆی بووە و کاتێکیش کورد خاکی خستبێتە ژێردەستی ڕوسیاوە، یاخود ڕۆڵیان لە داگیرکردنی خاکی خۆیاندا بینیبێت، ڕوسیا "باوەشی" بۆ کورد کردۆتەوە، هەر بۆ نموونە، بێجگە لەوەی بایەزید، لە ساڵی ١٨٥٤دا جەنەراڵ بیبۆتۆڤی فەرماندەی لەشکری ڕوس لەسەر سنوری قەفقاز و ئیمپراتۆریی عوسمانیی، لەگەڵ قاسم خاندا، یەکێک لە سەرۆکە هەرە مەزنەکانی خێڵەکانی ناوچەی قارس دەستی بە گفتوگۆ کرد، قاسم خان بەڵێنی دا واز لە تورکەکان بێنێت و هەموو کوردەکانی ژێردەستی خۆی و ناوچەکانی شوراگێل و کاگیزمانیش بخاتە پاڵ ڕوسیا. جگە لەوەی هێزێکی هەزار کەسی سوارەیشی بۆ پارێزگاریی ڕێگای هاتوچۆی لەشکری ڕوسی ئامادە بکات.(ئارام عەلی،١٩٩٩: ٤٦)

**١-٢-٢ ململانێی نێوان ڕوسیا و وڵاتانی ئەوروپی لەسەر قەفقاز و کوردستان**

قەفقاز، کە یەکێک لە بابەتەکانی ململانێی ڕوسیا لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی بەتایبەتی بەریتانیادا بوو، لەبەر بایەخە ستراتیژییە گرنگەکەی، سەرنجی وڵاتانی ئەوروپی، بەتایبەت بەریتانیای ڕاکێشابوو. ڕوسیا توانیبووی پێش هەموو زلهێزەکانی تری ئەوروپا هەست بەو گرنگییە بکات و لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا پێگەی خۆی لە پشتقەفقازدا قایم کرد و ئێران و دەوڵەتی عوسمانیی لێ دەرپەڕاند. ئەو ناوچەیە، کە کەوتبووە سەر هێڵی ئاسۆی جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا، باکور – باشور و بەسەر دەریای ڕەش و قەزوێندا دەیڕوانی، دەرفەتی بەو هێزە دەدا، کە  کۆنترۆڵی دەکات، دەست بەسەر ناوچەکانی دەوروبەریشیاندا بگرێت. بەریتانیا لە نزیکبوونەوەی سنوورە نوێکانی باشوری ڕوسیا لە ڕێگای سەرەکیی هاتوچۆی نێوان بەریتانیا و کۆلۆنییەکانی لە هیندستان دەترسا. لە ڕاستیدا ڕوسیا دەیتوانی، نەک تەنیا کۆنترۆڵی ئەو ڕێگایانە بکات، بەڵکو هێزەکانی بەرەو هیندستانیش بجوڵێنێت، ئەویش یان لە ڕێگەی ئێران و ئەفغانستانەوە، یا لە ڕێگەی ئاسیای ناوەڕاستەوە.(دیگۆیف، ٢٠٠٣: ١١٩) لە لایەکی تریشەوە گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان بناغەی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا بوو، ئەمەش هەر وەکو لە بیروبۆچوونی ڕاوێژکاری نیکۆڵای یەکەم لە بارەی ئەم سیاسەتەوە دەردەکەوێت، کە دەڵێت:"مەزنیی ڕوسیا ناچاری دەکات، دەستپێشخەریی پەیوەست بە چارەنووسی ڕۆژهەڵات بکات"(ئەلعەلوانی، ٢٠٠٣: ٣٦-٣٧) و سەبارەت بە هەوڵدان ڕوسەکانیش بۆ ڕێگەگرتن لە هەڵوەشاندنەوە و پشتگیرییکردنی دەوڵەتی عوسمانیی بەرامبەر بە وڵاتانی ئەوروپیش و هەروەها دروستکردنی

ئاستەنگ لەبەردەم هاتنی ئەو وڵاتانەدا دەڵێت، کە "هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی نەتەوەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەرەو سنورەکانی باشوری ڕوسیا دەهێنێت".(ئەلعەلوانی، ٢٠٠٣: ٣٧)

### ١-٢-٣ ململانێی ڕوسیا و وڵاتانی ئەوروپی لەسەر ڕاکێشانی کریستیانەکانی کوردستان

لە کاتێکدا ڕوسیا تەنیا لە کاتی جەنگەکانیدا لەگەڵ ئێران و دەوڵەتی عوسمانییدا هەوڵی پەیوەندییکردن، بەتایبەت بە کوردی ناوچە سنورییەکانی دراوسێی ڕوسیا و کوردی پشتقەفقازەوە دەدا، وڵاتانی ئەوروپی کاریان لەسەر میللەتە ناموسڵمانەکان، بەتایبەتی ئاسوری و ئەرمەنەکان دەکرد، بەمەش وردەوردە کریستیانەکانی کوردستان و ناوچە سنورییەکانی ڕوسیا، کە بەو پێیەی جیا لەوەی، سەر بە کڵێسای ڕۆژهەڵاتیی بوون، هاوسۆزی ڕوسیاش بوون، لە ڕوسیا دووردەکەوتنەوە و دەچوونە سەر کڵێسای ڕۆژئاوایی و لە وڵاتانی ئەوروپی، بەتایبەتی بەریتانیا نزیکدەبوونەوە، ئەمەش زیانی بە ستراتیژی ڕوسیا دەگەیاند و پێگەی لە ناوچەکە دەخستە مەترسییەوە.

ساڵی ١٨٣٨ کۆمەڵی زانیاری مەسیحی ئانسورس و ڕەسامی ڕاسپارد تا لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی نەستووریەکانی کوردستان بکەن، ئەوە بوو هەردووکیان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە بارودۆخی ئەم کۆمەڵە مەسیحیە خراپە و داوایان کرد گرنگییان پێ بدرێ. لەندەن و باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ ئەم بارودۆخەی نەستووریەکانیان بە هەلزانی بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لەناو جەرگەی ناوچە کوردییەکاندا بڵاوبکەنەوە.(ئەسکەندەر، ٢٠٠٤: ٢٤١)

لەگەڵ دەستپێکی ساڵانی پەنجاکاندا فەرمانبەرە مەیدانیەکانی بەریتانی لەلایەک و کەنیسەی ئینگلیزی لەلایەکی دیکەوە لەندەنیان هان دەدا دەست بخەنە کاروباری کوردەوە، لە هەمان کاتیشدا مار شەمعون پێی وابوو نەک هەر دەتوانێ کەنیسەی ئینگلیزی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانێ دەسەڵاتی زیادبووی مژدەبەرە ئەمریکیەکان بەخۆوە بگرێ، بەڵکو قەوارەیەکی نەستووری سەربەخۆش لە هەکاری لەژێر پارێزگاری بەریتانیادا دابمەزرێنێ. شتێکی ئاساییش بوو، کە مژدەبەرە ئەمریکاییەکان و ئینگلیزەکان و پرۆتیستانتەکان چالاکیە ئاینییەکانیان لەو ناوچانەدا کۆبکەنەوە، کە نەستووریەکان لێی دەژیان وەکو ورمێ و هەکاری.(ئەسکەندەر، ٢٠٠٤: ٢٤١-٢٤٣) شایانی باسە، کە ئەوروپییەکان هەر بەوەوە نەدەوەستان، کە ژێربەژێر کێشە و ئاڵۆزیی لەناو میللەتانی کوردستاندا دروست بکەن، بەڵکو هانی دەوڵەتی عوسمانییشیان دەدا، تا وردەوردە دەسەڵاتی کوردی لەناوبەرێت و دەسەڵاتی ناوەندیی لە کوردستاندا بسەپێنێت، هەر بۆیە ڤۆن مۆڵتکە لە ساڵی ١٨٣٨زدا دەنوسێت:"سوڵتانی عوسمانیی لەسەری بوو کار بۆ ئەوە بکات دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا بچێ کە بە خاکی ئیمپراتۆریەت دێتەناسین، هەرێمەکانی کوردستانی باکوریش لەنێوان ڕووباری دیجلەوە تا سنوری وڵاتی ئێران لە بابەتی ئەو جۆرە ناوچانەن کە دەبوایە کاری بۆ بکات".(سافرەستیان، ٢٠١٠: ٦١)

### ١-٢-٤ جەنگی قەفقاز و ترسی ڕوسیا لە پەیوەندی کورد و موریدەکانی داغستان

دەسەڵاتدارانی ڕوسیا لەم قۆناغەدا لەبەر چەند هۆیەک بایەخیان بە کورد دەدا: یەکەم، ململانێی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەسەر باڵکان و ئاسیای ناوەڕاست؛ دووەم، تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانیی، بەتایبەتی لەکاتی جەنگی کریم ١٨٥٣ – ١٨٥٦؛ سێیەم، جەنگی قەفقاز و بزووتنەوەی موریدەکان بەڕێبەریی شامیل. جەنگی قەفقاز سەرچاوەی دارایی و توانایەکی زۆری جەنگیی ڕوسیای لە ڕووی مرۆییەوە سەرقاڵ کردبوو. هێزێکی گەورەی ٢٧٠ هەزار سەربازیی ڕوسی لە ساڵی ١٨٥٤ەوە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٨٥٦ لە بەرەی جەنگی قەفقازدا بوو.(ڤارتانیان، ٢٠٠٧: ٤٥-٤٦)

سوپای ڕوسیا له باکوری قەفقاز، لەگەڵ قوربانیدانێکی زۆر و لەدەستدانی پارەیەکی زۆر، بەڵام نەیاندەتوانی له پرسی ملکەچپێکردنی قەفقازییەکان نزیک ببنەوە. هێزەکانی ڕوسیا، خۆیان له قەڵا و شوراکانیاندا قایمکردبوو، بەڵام هەستیان به ئاساییش نەدەکرد، ئەگەر پەلاماری توندیش بۆ سەریان نەکرایە، ئەوا نەخۆشی و کەمخۆراکیی بڕستی لێ بڕیبوون. بەپێی سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان، ڕوسیا له جەنگی قەفقازدا ڕۆژانە ٢٠-٣٠ هەزار کەسی لەدەست دەدا.(دێگۆیف، ٢٠٠٣: ٨٥-٨٦)

سەرباری ئەمەش، ئەوەی لەو کاتەدا دەسەڵاتدارانی ڕوسی سەغڵەت کردبوو، ئەو هەواڵانەی، سەبارەت به هەوڵدانی شامیل بۆ پەیوەندییکردن به هەندێک له سەرکردە کوردەکانەوە بوو. یەکەم جار خانیکۆڤ، که ماوەیەک کونسوڵی ڕوسیا له تەورێز بوو، ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە. پەیوەندییکردنی ڕێبەری موریدەکان به سەرکردە کوردەکانەوە، دەیتوانی زیانێکی زۆر به نەخشەی دەسەڵاتدارانی ڕوسیا بگەیەنێت. خانیکۆڤ له ٢٥ تەموزی ساڵی ١٨٥٢ له نامەیەکدا بۆ سەرووی خۆی دەنوسێت، که "شامیل له ساڵی ١٨٤٦ەوە پەیوەندی کوردە سونییەکانەوە کردووە".(ڤارتانیان، ٢٠٠٧: ٤٦)

دەسەڵاتدارانی ڕوسی بەلایانەوە زۆر گرنگ بوو، بزووتنەوەی موریدەکان گۆشەگیر و دابڕاو بکەن، بەتایبەتیش، که له سەرەتای جەنگی کریمدا مەترسی ڕێکخستن و هاوئاهەنگیی چالاکی شامیل و هێزەکانی تورکدا پەیداببوو، که دەیانویست پشتقەفقاز داگیر بکەن. حکومەتی ڕوسیا، که لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی له جەنگدا بوو، هەموو هەوڵێکی بۆ ڕاکێشانی کورد به لای خۆیدا دەدا و ڕێگریی له نزیکبوونەوە و ڕێکەوتنی نێوان شامیل و سەرکردە ئایینییەکانی خێڵە کوردەکان دەکرد. ئەو جەنگەی که دوای ماوەیەکی کورت له کریم هەڵگیرسا، ڕۆڵێکی تایبەتی هەڵوێستی دانیشتوانی کوردستان دەرخست. هەرچەندە کورد لەو جەنگەدا بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستێکی پاسیڤانەیان هەبوو، ئەمەش تا ڕادەیەک چاوەڕوانکراو بوو، چونکە ئەوان ئەوەندە بەهێز نەبوون، تا بتوانن دەست له تورک بوەشێنن، بەڵام بۆ ڕوسەکان زۆر گرنگ بوو، که تەنانەت بێلایەنیش بن.(ڤارتانیان، ٢٠٠٧: ٤٧)بەڵام له ئاکامدا کاربەدەستانی ڕوسیا توانیان دۆستایەتی نێوان شامیل و سەرکردە کوردەکان تێکبدەن.(خاڵفین، ١٩٧١: ٩٨)

**١-٢-٥ هەنگاوە کردەییەکانی ڕوسەکان بۆ ڕاکێشانی کورد**

دوای ئەو سەرکەوتنەی ڕوسەکان له تێکدانی ئەو پەیوەندییەدا و به مەبەستی زۆرتر ڕاکێشانی کورد، کاربەدەستانی ڕوس له ناوچەکەدا بیریان له هەندێک هەنگاو کردەوە، بۆ ئەو مەبەستە ساڵی ١٨٥٥ لۆریس مێلیکۆڤ، پسپۆڕ و شارەزای کاروباری کورد، که ئەو کاتە جەنەراڵ موراڤیۆڤ، هەرچەندە داگیرکردنی چەند گوندێکی ناوچەی وانی پەسەندکردبوو، بەڵام بۆ گێڕانەوەی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ کوردەکانی ژێردەستی ڕوسیا، به لێپرسراوی بەڕێوەبردنی خێڵەکانی دانابوو، فەرمانی کرد نەخشە و یاسایەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کورد دابنرێت و فەرمانڕەواییەکی ناوچەییان بۆ دروستبکرێت، که بتوانێت له "کاتی هاتنی خەڵکی تردا به پەله فراوان بکرێت".(مینۆرسکی، ١٩٨٤: ١٧٦-١٧٧)

بەپێی بڕیارەکەی موراڤیۆڤ، دەبوو فەرمانداری ڕوسی وا بێت، که زمانەکانی ناوچەکە بزانێت و دوو کوردیش ببنە یارمەتیدەری. لوریس مێلیکۆڤ پێشنیاری کردبوو، که جەعفەر ئاغا بۆ بەڕێوەبردنی کوردەکانی سورماڵین و شارۆ و ئەحمەد ئاغاش بۆ قارس و سەردارئاباد دابنرێن. ئەو یاسایە، بەگوێرەی دابونەریتی کۆمەڵایەتی کوردی نەخشەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی ناو خێڵەکان دانابوو. بیریش لەوە کرابووەوە، که له کاتی پەیدابوونی ناکۆکی نێوان کورد و نەتەوەکانی تردا، کارەکه بخرێتە بەردەم کاربەدەستانی هەردوولا، ڕچەی ئایینیی و (شەرعی)یش بدرێتە

دەست ئەو قازییەی دانیشتوان هەڵی دەبژێرێت. بەندی نۆیەمی ئەو یاسایە سەبارەت بەوە بوو، کە سەرۆکایەتی هۆز پشتاوپشت بێت، هەروەها ئەو دڕندەییەی کە لە کاتی خۆیدا لە سایەی فەرمانڕەوایی تورک و ئێراندا لە سزاداندا پەیڕەو دەکرا، دەبوو هەڵبگیرێت. دەبوو لە باجدانیشدا کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تری کوردستان بە یەک چاو تەماشادەکرا.(خاڵفین، ١٩٧١: ١١٧)

جیا لەو کارانە بۆ ڕێکخستنی کاروباری کوردەکانی بندەستی ڕوسیا، مێلیکۆڤ پێشنیاری کرد، کە خوێندنگەی کوردی بکرێتەوە و ڕێگە بدرێت لە لەشکری ڕوسیدا بکرێن بە سەرباز.(مینۆرسکی، ١٩٨٤: ١٧٧) فەرماندەیی ڕوسی زۆر بەخێرایی کەوتە کەڵکوەرگرتن لەو ڕقەی لەناو کورددا بەرامبەر بە دەسەڵاتی تورک دروستببوو. پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ سەرکردەی زۆر لە خێڵە کوردەکاندا دروستکرا، لەناو ئەوانەدا، خێڵەکانی میلان، زیلان و هیتر. بایەخێکی تایبەت بە قاسم خان دەدرا، کە بەهەژموونترین سەرکردەی کوردی ویلایەتی قارس، کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکانی زیلان بوو. لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٥٤دا لۆریس – مێلیکۆڤ ڕێکەوتنێکی لەگەڵ کرد، کە ڕەچاوی ئەوەی دەکرد هەموو کوردی ژێردەستی ئەو، دەوڵەتی عوسمانی بەجێبهێڵن، هاوکاریی هێزە هێرشبەرەکانی ڕوسیا بکەن، یا بەلای کەمەوە بێلایەن بین.(لازەرێف، ١٩٩٩: ١٦٣- ١٦٤)

ڕوسیا بەهۆی کەمیی هێزی مرۆیی لە بەرەی قەفقازدا، بایەخی زۆرتری بە کورد دەدا و هەوڵ دەدرا نەتەوە ناتورکەکانی تر، لە پێش هەموویانەوە کورد لە ڕیزی سوپاکەیاندا ڕێکبخەن. کاربەدەستانی ڕوس لە پشتقەفقاز توانیبوویان پشتیوانی کوردی ناوچەکە بەدەست بێنن و بە سەرپەرشتی لۆریس – مێلیکۆڤ دوو بەتالیۆنی کوردی دروستکران، کە توانیان لە شەڕەکانی دژی لەشکری ئەحمەد پاشا، لێهاتوویی خۆیان بسەلمێنن. دوای یەکەمین سەرکەوتنی گەورەی ڕوسەکان لە ١ کانوونی یەکەمی ١٨٥٣ لە باشکەدیکلار، بەشێوەیەکی بەرفراوان خێڵە کوردەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات پشتیان لە تورک کرد و کورد بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕیزەکانی سوپای تورکیان چۆڵدەکرد. تەنانەت زۆریشیان ڕووی تفەنگەکانیان دەکردە هێزە شکاوەکانی تورک.(لازەرێف، ١٩٩٩: ١٦٣)

کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی ڕوسیا، بەپێچەوانەی کاربەدەستانی خۆجێی، بەتایبەت ئەرمەن و ئازەرەوە، هەوڵی زۆریان داوە بەڕێوەبەرێتی کوردەکان جیا و سەربەخۆ بێ. لە ڕێکارەکانی ١٨٤٧/١٢/٢٨دا کاروباری بەڕێوەبەرێتی تەواوی هۆز و خێڵە کوردەکانی ئازەربایجان، جگە لە کوردە ئێزدیەکان، خراوەتە ئەستۆی سەرۆکی هۆزی ڕازیکی جەعفەر ئاغا کە نازناوی ئێڵبەگی هەبوو و کاروباری کوردە ئێزدیەکانیش، کە لە ئەستۆی حەسەن ئاغا بووە، تا ساڵی ١٨٦٩ بەڕەسمی بەردەوام بووە.(هەورامی، ٢٠٠٦: ٤٧ - ٤٩)

### بەشی دووەم: دەرکەوتنی کوردناسیی، وەک زانستێکی سەربەخۆ لە ڕوسیا

### ٢-١ بایەخدانی کاربەدەستانی ڕوسیا بە کورد لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم

### ٢-١-١ ڕۆژهەڵاتناسیی و لێکۆڵینەوەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕوسیا

بارتۆلد لەبارەی ڕۆڵی زانست لە ڕوسیا لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیی لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەنووسێت:"لەوانەیە ڕۆژهەڵاتناسیی لە ڕوسیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا سەرکەوتنی زۆر لەوە زیاتری بەدەستهێنابێت، کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا بەدەستهاتووە... هەر لە ئەکادێمیای زانستەکان لە ساڵە بەراییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بایەخێکی زۆر بە زانستە مرۆییەکان و لەوانە ڕۆژهەڵاتناسیی دراوە و پێگەیەکی شیاوتری لە جاران پێدراوە".(دانتسیغ، ١٩٨١: ١٥٠)

بایەخدانەکەش گەیشتبووە ئاستی ئەوەی لە زانکۆکاندا پرۆگرامی تایبەتی بۆ دابنرێت، و هەروەکو کراچۆڤسکی سەبارەت بەو بابەتە دەڵێت:"پرۆگرامی زانکۆمان بۆ ساڵی ١٨٠٤ سەردەمێکی نوێ لە عەرەبناسیی ڕوسیا دەستی

پێکرد، بۆ یەکەمجار نەخشە و بەرنامە بۆ زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی باڵادا دانرا، و بەشی تایبەت بەو زمانانە دامەزرا... لای ئێمە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان پێش هەموو شتێک لە هەموو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی هاوسنور لەگەڵ ڕوسیادا بوو، بێگومان زمانی عەرەبی لە ڕیزی یەکەمدا بوو".(دانتسیغ، ١٩٨١: ١٥١)

لێرەدا دەردەکەوێت، کە ڕوسەکان لە سەرەتادا تەنیا بایەخیان بە لێکۆڵینەوە لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیی بەگشتیی و زمانەکانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتیی عەرەبی دەدا و زانیاری زۆریان لەسەر کورد نەبووە یاخود بایەخیان پێنەداوە، هەرچەندە ئەکادێمیک پالاس لە ساڵی ١٧٨٧دا لەسەر فەرمانی ێکاترینای گەورە، فەرهەنگێکی بە ناوی(فەرهەنگە بەراوردکارییەکانی هەموو زمانەکان و شێوەزمانەکان) دەرکردووە، کە تیایدا تا ڕادەیەک بۆ یەکەمین جار لەگەڵ زمانەکانی تردا، ٢٧٦ وشەی کوردییش چاپکراوە.(مینۆرسکی، ١٩١٥: ١٩) بەڵام بێگومان نەک هەر لە ڕوسیا، بەڵکو لە ڕۆژئاواش، کە هەر لە سەدەی هەژدەیەمەوە کەوتنە بایەخدان بە کورد، زانا و توێژەرەکان بەشێوەیەکی گشتی تەنیا بایەخیان بە لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانی کوردی و زاراوەکانی دەدا.(موسەیلیان، ٢٠١٤: ٢٩) پیوتەر لێرخیش باسی ئەوە دەکات، کە سەرەتا تەنیا سەرنجی زمانی کوردییان داوە و دەڵێت:"ساڵی ١٧٦٢ میخایلیس خۆزگەی بەوە خواستووە، کە ئەو گەڕۆکانەی پاشای دانیمارک دەیانێرێت، هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر زمانی کوردی بدەن و ساڵی ١٧٦٤یش شلۆستەر، خوێنکارە گەورەکەی، کورد و زمانەکەی خستۆتە ناو بەرنامەی گەشتەکەی بۆ ڕۆژهەڵات، کە خرابووە بەردەم ئیمپراتۆر ێکاترینای دووەمەوە".(لرخ، ٢٠٠٨: ٤٢)

ئەو بایەخدانەی ڕوسەکان و ئەوروپییەکان بە کورد، وردەوردە  لەگەڵ زۆرتربوونی پێگەی ستراتیژی کوردستان وای کرد، نەدەکرا سەرنجی دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بۆ لای خۆی ڕانەکێشێ. ڕوسیا و  ئەوروپاش دەستیان کرد بە بایەخدان بە چارەنووسی گەلی کورد. ژمارەیەکی زۆری ڕاوێژکاران ڕوودەکەنە کوردستان، ناوچە کوردییەکان زۆر بە گەرمی لێکۆڵینەوەیان دەربارە دەکرێت و لێیان دەتوێژرێتەوە. کارگەلێکی زۆر لەمەڕ جوگرافیای کوردستان بڵاودەبنەوە، کاری وا چاپ و بڵاوبوونەوە، کە جێگەیەکی تایبەتیان بۆ مێژوو و ئەتنۆگرافیای کورد تەرخان کردبوو. (موسەیلیان، ٢٠١١: ٣٥٥-٣٦٠)

مینۆرسکی لە باسی سەرەتای بایەخدان بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کورد دەڵێت:"هەر لە سەدەی هەژدەیەمەوە ئێمە ئەزانین هەندێ بەڵگەنامەی مێژوویی دەربارەی خێڵە کوردەکان هەن، ئەوانەی دەستنیشانمان کردوون، ئەمانە لەو سەردەمانەدا کە ئێمە زانیاری کەم و بەیەکداچوومان دەربارەیان هەبوو گرنگیی خۆیانیان لە ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی ژیانی میرنشینییە کوردییەکاندا دەرخست، گەرچی ئینگلیزییەکان بە هەوڵێکی زۆر توانیان هەندێ لیستی ناوی ئەو خێڵانە بەدەستبهێنن و ئەو لیستانەی کەوتە دەست سوپای ڕوسەکان باشترین لیستی ئەو لیستانە بوون".(مینۆرسکی، ١٩٨٤: ٩٦) هەر وەگێڕانی ئەم کارانەش بۆ زمانەکانی تر، بەڵگەی ئەوەن کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا چ بایەخێکی گەورە بە مێژوو، ئەتنۆگرافیای کورد و جوگرافای کوردستان دراوە (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨: ٢٩١-٢٩٢)

**٢-١-٢ شەرەفنامە، وەک هاندەر و سەرچاوەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوس بۆ لێکۆڵینەوە لە کورد**

لە ڕوسیا لە ڕێگەی یەکێک لە نوسراوەکانی کاتب چەلەبییەوە بە بوونی"شەرەفنامە"یان زانیووە. دوای ئەوەی جۆن مالکۆلم یەکەم ئەوروپایی دەستنوسی شەرەفنامەی دەستکەوتووە.(بەدلیسیی، ١٩٧٣: ١٦٣-١٦٤)  شایەنی باسە، کە جۆن مالکۆلم (١٧٦٩ – ١٨٣٣) شارەزاییەکی زۆری دەربارەی وڵات و گەلەکانی ڕۆژهەڵات هەبووە و گەلێک نوسراوەی

بەنرخـی لەبارەیـانەوە بەجێهێشـتووە و کاتێـک لە ئێـران بـووە ژمـارەیەکی زۆر سـەرچاوە و دەستنوسـی کـۆنی دەستکەوتووە، کە یەکێکیان شەرەفنامە بووە.(مالکۆلم، ١٨١٥: ٢٠٧-٢٠٨)

هەرچەنـدە لە ئەوروپـا ٤٠-٥٠ سـاڵیک پێشـتر زانیارییـان لەسـەر شـەرەفنامە بڵاوکـردۆتەوە و وەک ڤاسـیلێڤا نوسیویەتی، کە دێربێلۆ بە زمانی فەرەنسی ساڵی ١٧٧٦ لە کتێبەکەیدا "کتێبخانەی ڕۆژهەڵات، یان فەرهەنگی گشتی" بۆ یەکەم جار باسی "شەرەفنامە"ی بە جیهانی زانیاری ڕۆژئاوا گەیاندووە (موسەیلیان، ١٩٦٣: ٥٥).

ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوس سەبارەت بە شەرەفنامە و گرنگیی بۆ زانینـی مێـژووی کـورد و ڕۆژهەڵات بەگشتی تەنیا لە ڕێگەی ئەو هەواڵانەوە بیستبوویان، کە لە چاپەمەنی ڕۆژئـاوادا بـاس دەکـران. بـۆ یەکەم جـار فـرێن سـاڵی ١٨٢٦ لە لاپەڕەکـانی "ڕۆژنـامەی سـانکتپیتربورگ"دا باسـی شـەرەفنامەی، وەک سـەرچاوەیەکی مێژوویـی زۆر بەرز و بەنـرخ کردبـوو. بەڵام تەنیـا لە سـاڵی ١٨٢٨دا لە ڕۆژانـی جەنگـی ڕوسـیا و ئێرانـدا، کتێبـی شـەرەفنامە کەوتە بەردەسـتی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوس، ئەویش کاتێک جەنەراڵ سوختێلین شاری ئەردەبیلی داگیرکرد، یەکێـک لەو شـتانەی ڕوسـەکان دەستیان بەسەردا گرت، کتێبخانە بەناوبانگەکەی سەفەوییەکان بوو و دواتر بۆ پیترۆگرادیان گواستەوە، کە لەناویاندا دەستنووسـێکی شـەرەفنامەش هەبـوو.(مینۆرسـکی، ١٩٨٤: ٩٦) ئیتـر دوای ئەمە کەڵـکەڵەی شـرۆڤەکردن، چـاپکردن و وەرگێڕانـی بـۆ سـەر زمـانی ڕوسـی کەوتە سـەری ڕۆژهەڵاتناسـانی ڕوسـیاوە و فـرێن لەوتارێکیـدا سـەبارەت بە کتێبخانەکەی ئەردەبێل، جەختی لەسەر پێویستیی زۆر بەزوویی وەرگێڕان و چاپکردنی کردەوە.(کۆمەڵێک نووسـەر، ٢٠٠٨: ٢٩٣)

ئەوە بـوو شـارموا بە ئامۆژگـاری فـرێن، کە ئەو کـاتەی لە سـەرەتای سـییەکانی سـەدەی نـۆزدەیەمەوە لە زانکـۆی پیتەربورگ پرۆفیسۆری زمانی فارسی بوو، دەستی بە وەرگێڕانی شەرەفنامە کرد.(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨: ٣٠١)

ئیتر لێرەوە سەرەتای بایەخدانی زانستیی بە کورد و لایەنەکانی ژیانی دەستی پێکرد.

مینۆرسـکی لەگەڵ ئەوەشـدا، کە ڕوسـیا بە مەڵبەنـدی دەرکەوتـن و گەشەسـەندنی کوردناسـیی دادەنێـت و دەڵێت:"ئەدەبیاتێکی زۆر سـەبارەت بە لێکـۆڵینەوە لەبـارەی کـوردەوە، بەشـێوەیەکی سـەرەکی دەربـارەی زمانەکەیـان لەبەردەسـتدایە، سـەرەڕای ئەوەی ئەو گەڕۆکە ڕوسـانەی بـۆ کوردسـتان هـاتوون کەمـن، کە بە زۆریـی کەسـانی کاربەدەسـت بـوون، وەکـو بـارۆن بـۆدێ، چیریکـۆڤ، خـانیکۆڤ، مایێڤسـکی، تۆمیلـۆڤ، سـمیرنۆڤ، ماکسـیمۆڤیچ - ڤاسیلکۆڤسکی و کەسانی تریش، بەڵام بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین، کە ڕوسیا مەڵبەندی کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستیی دەربارەی کوردە".(مینۆرسکی، ١٩٨٤: ٩٦-٩٧) بەڵام ڕۆڵی قەشە گـارزۆنی نادیـدە ناگرێـت و بە بـاوکی کوردناسـیی دادەنێت و دەڵێت:"یەکەمین ڕێزمانی کوردی بە زمانی ئیتـالی لە هەمـان سـاڵدا، لە ١٧٨٧دا لە ڕۆمـا دەرکەوت؛ ئەویـش لەلایەن مـژدەبەری کـاتۆلیکی مـاوریزیۆ گـارزۆنییەوە، کە ١٨ سـاڵ پێشـتر لە ئامێـدی ژیـابوو. بە ڕەچـاوکردنی ئەو خزمەتانەی ئەو لەو کاتە سـەختەی ئەو دەستی بە کارەکـانی کـردووە، زۆر لەجێگـای خـۆیەتی بە بـاوکی کوردناسـیی دابنرێت".(مینۆرسکی،١٩٨٤: ٩٧-٩٨) شایانی باسە، کتێبەکەی گارزۆنی، کە بە ناوی "ڕێزمان و وشەی زمانی کـوردی" بـوو و بە یەکەم کتێب دانراوە، کە ڕێزمـان و فەرهەنگـی کـوردی لەخـۆ گرتبێـت و لە ٢٨٨ لاپەڕە و فەرهەنگێکـی ئیتالیـایی – کوردییە، کە لە ٥ هەزار وشە پێکهاتووە، تا لاپەڕە ٧٨ ڕێزمانی کوردییە.(نەریمان، ١٩٨٨: ٨٥-٨٦)

لێـرخیش دەڵێـت، کە ک. گ. زالیمـان ڕۆڵێکـی زۆر گەورەی لە گەشەسـەندنی کوردناسـییدا بینـی، ئەویـش بە هاوکارییکردنی لە بڵاوکردنەوەی کارەکانی کوردناسە بیانییەکانی وەک فێردیناند یوستی، ئێ. پـریم و ئـا. سۆتسـیندا. هەر ئەو کاتەش وەرگێڕانی فەرەنسی مێژووی کورد،"شەرەفنامە" بڵاوکرایەوە.(لێرخ، ١٨٥٧: ٤)

### ٢-١-٣ گەشتەکەی پوشکین و هەندێک زانیاریی لەسەر کورد

پوشکینی شاعیری گەورەی ڕوسیا لە بەرهەمێکیدا بە ناوی "گەشتێک بۆ ئەرزەڕوم" باسی سەردانی خۆی بۆ قارس و ئەرزڕۆم لە ساڵی ١٨٢٩، لە دوای داگیرکردنی ئەو ناوچانە دەکات. پوشکین بە گشتی باسی گەشتەکەی دەکات، بەڵام لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بە کورد و کوردانی ئێزیدی دەکات و دەڵێت:"لە سوپاکەی ئێمەدا میللەتانی ناوچەکانی قەفقازی ئێمە و ئەو ناوچانەش هەبوون، کە ماوەیەکی زۆر نەبوو دەستمان بەسەردا گرتبوون. لەناو ئەواندا، من بە تاسەوە سەیری ئێزیدییەکانم دەکرد، کە لە ڕۆژهەڵاتدا بە شەیتانپەرست ناسراون. ئەوان نزیک بە ٣٠٠ خێزانێک دەبوون، کە لە دامێنی چیاکانی ئاراراتدا دەژیان و دانیان بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ڕوسیادا نابوو. سەرکردەکەیان، پیاوێکی ناشیرینی باڵەبەرز بە پۆشاکێکی سور و کڵاوێکی سورەوە بوو، جارجارە بە سەری نەویەوە بۆ لای جەنەراڵ ڕاێڤسکی، فەرماندەی هەموو سوارەکان دەهات. من هەوڵم دەدا ئەو ڕاستیە لەو ئیزیدییە سەبارەت بە باوەڕەکەیان بزانم. لە وەڵامی پرسیارەکەمدا، وتی ئەوەی کە گوایە ئێزیدییەکان شەیتانپەرستن، قسەی پڕوپووچە و ئەوان باوەڕیان بە یەک خواوەند هەیە؛ بە پێی قانونی ئەوان جوێندان بە شەیتان، کارێکی نەشیاو و بێڕێزییە، و شەیتان ئێستا نەفرەتلێکراوە، بەڵام ڕۆژێک دێت لێیدەبورێت، چونکە ناکرێت سنور بۆ بەخشندەیی یەزدان(ئەڵا) دابنرێت".(پوشکین، ١٩٨٦: ٣٩٣- ٣٩٦)

### ٢-١-٤ گەشتەکەی دیتێڵ و بیرێزین و ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێی لە هەندێک لایەنی ژیانی کورد

ساڵی ١٨٤٢ زانکۆی کازان دیتێڵ و بیرێزینی ڕاسپارد، لە چوارچێوەی ئەو ئامۆژگاریانەدا، کە کازم بەگی پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتناسی گەورە دایینابوو، لە گەشتەکەیاندا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕووبکەنە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیات و نەریت و ئاین و پاشماوە مێژووییەکان، بەڵام "لەبەر ئەوەی ڕێگاکەیان بە ناوچەکانی کورددا تێدەپەڕی، ناچار بوون ئاوڕ لە کوردیش بدەنەوە".(جەلیلێ جەلیل،١٩٨٧: ١٤-١٥) دیتێڵ، کە وەک خۆی لە بارەی کوردستانەوە دەڵێت، کە ناوی "خاکی نەناسراو"ی لێ نراوە، وردەکارییەکی زۆر لە سەرنجەکانیدا هەبوو، لە ناوچەی موسڵ سەردانی پەرستگای ئێزیدییەکانی کردبوو، لە ڕێگایشیدا لە حەڵەبەوە بەرەو مێردین، نسێبین، دیاربەکر و ئورفەدا، بایەخێکی زۆری بە وێناکردنی خێڵە فرە ژمارە و جیاواز لە زاراوەدا، هەروەها شوێنەواری کۆنی بەجێماوی ئەو وڵاتە دابوو، تەنانەت ژمارەی ئەو خێڵانەی ئەم لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبوون، لە هی ئەوانە زیاتر بوو، کە ئەوروپییەکان ئاماژەیان بۆ کردبوون.(دانتسیغ،١٩٨١: ٢٣٩) دیتێڵ لە کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنی زمان و ئەتنۆگرافیی دەدا، هەرچەندە ئەویش خۆی لەو ناوزڕاندنە ستریۆتیپە باوەی ئەو کاتە لەسەر کورد، بەدوور نەگرتووە، بەوەی کورد ڕێگر و چەتەن".(دانتسیغ، ١٩٨١: ٢٣٩)

لەگەڵ ئەو بۆچوونە چەوتانەیشیدا سەبارەت بە کورد، بەڵام وەک ڤاسیلێڤا دەڵێت:"دیتێڵ لەکاتی گەشتکردن بە قەفقازدا کاتێ بۆی دەرکەوتبوو کە کورد خاوەنی چ ئەدەبێکی دەوڵەمەندە، سەرسام ببوو و نووسیبوی:"من هەرگیز چاوەڕێی ئەوە نەبووم زمانی خێڵە کوردەکان، کە هێشتا ڕۆژهەڵاتناسان کەم لێیان کۆڵیوەتەوە، لەگەڵ ئەدەبی زارەکیدا، ئەدەبێکی ئەوەندەش نووسراوی فراوانی هەبێ. کوردەکان خاوەنی ئەدەبی خۆیانن، هەندێکی – کوردی و خۆکردییە – هەندێکیشی لەسەر بنەمای ئەدەبی فارسی دامەزراوە. ئێمە گەلێ ناوی تێدا بەدی دەکەین، کە لە شیعر و مێژوودا باڵادەست بوون"".(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨: ٣٦٨)

هەرچی ئیلیا بیرێزینی هاوڕێیشیەتی، دوای ئەوەی هەر لە ئەردەبیڵەوە تا کەنداوی فارسدا بە هەموو ئێراندا گەڕا، ساڵی ١٨٤٣ سەردانی بەسرەی کرد و ئینجا بەرەو میزۆپۆتامیا، سوریا و فەلەستین چوو. لە ئەیلولی هەمان ساڵدا

لەڕێگەی کەرکوک و هەولێرەوە بەرەو موسڵ چووە و لە موسڵ بۆ ماوەی مانگێک سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی ئێزیدییەکانی کردووە، هەندێک زانیاری لەسەر دانیشتوانی موسڵ یاداشت کردووە و دەنووسێت، کە "کوردیش بەشێکی گەورەی دانیشتوان پێکدەهێنێت.... بەشێکی زۆری دانیشتوانیش بە زمانی کوردی دەدوێن".(دانتسیغ، ١٩٨١: ٣٤٥)

٢-١-٥ **خاچاتور ئابۆڤیان و یەکەم بەردی بناغەی کوردناسیی**

خاچاتور ئابۆڤیان، کە ساڵی ١٨٠٩ لەنزیک ئێریڤان لەدایکبووە، هەندێک سەرچاوە بە دامەزرێنەری کوردناسیی ڕوسیا دادەنێت[1]. ئەو تەنیا نووسەرێکی گەورەی ئەرمەنی و دامەزرێنەری ئەدەبی نوێ و زمانی ئەدەبیی ئەرمەنی نەبوو، بەڵکو بایەخی بە فۆلکلۆری کوردی لە ئەرمینیا دەدا و تۆماری دەکردن و بەشێوەیەکی فراوان لەسەر ژیان و ئەتنۆگرافیایان دەینووسی. بە هاوڕێیەتی گەڕیدەیەکی پروسی گەشتێکی بۆ ئەرمینیا کرد و لەسەر پێشنیاری ئەو کۆمەڵێک گۆرانی ئەرمەنی، کوردی و ئازەری بۆ سەر زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا.

ئابۆڤیان ساڵی ١٨٤١ ڕۆمانی "زامەکانی ئەرمینیا" دەنووسێت، کە باس لە ڕووداوەکانی جەنگی ڕوسیا – ئێران ساڵانی ١٨٢٦ – ١٨٢٨ دەکات، هەرچەندە ئەو دەیەوێت ئازارەکانی ئەرمەن لەژێر دەستی ئێرانییەکان بخاتە ڕوو، بەڵام زۆریش باسی کورد دەکات و لە ٥٠ شوێندا ناوی کورد دەهێنێت و تەنانەت لە ٤ شوێندا باسی"ئەرمەنی کوردستانیی" دەکات[2]؛ واتە کوردستانی بە نیشتیمانی هەندێک لەو ئەرمەنانە دەزانی، ساڵی ١٨٤٥ سەربەخۆ گەشتێکی بۆ ناوچە کوردییەکان کرد و ماوەیەک لەلایان مایەوە، ئاکامی ئەم گەشتە، چەند کارێکی بوو لەژێر ناونیشانی: "کورد و ئێزیدی"، "کورتەیەک لەبارەی تایبەتمەندی نەتەوەیی، زمان و دابونەریتی کورد" و هیتر، بەڵام زمانی ئەڵمانی بوون. خاچاتور ئابۆڤیان ساڵی ١٨٤٧ بە پشتبەستن بەو مەتریالانەی سەبارەت بە ئەتنۆگرافیای کورد و مێژوویی، زمان و فۆلکلۆر و دابونەریتیان کۆی کردبووەوە، ژمارەیەک وتار لە گۆڤاری قەفقاز دەنوسێت، کە لە تفلیس دەردەچوو. ئەم بەرهەمەی ئابۆڤیان، کە لە ٣٠ پەڕە تێپەڕی نەدەکرد، کارێکی پێشەنگانە بوو لە مێژووی کوردۆلۆجی ڕوسییدا و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زانایانی وەک لێرخ، ژوستی و یەگیزارۆڤ ... هەبوو. لێرخ لە وێناکردنی کورد و کەسایەتیی مرۆڤی کورددا، ئاماژە بە نووسینێکی ئابۆڤیان دەکات، کە دەڵێت:"دەتوانرا کورد بە سوارچاکی ڕۆژهەڵات ناوببرایە، بە تەواوی واتای ئەو چەمکەوە، ئەگەر بهاتایە و ژیانێکی شارستانیەتر بژیانایە".(لرخ، ٢٠٠٨: ٣٥)

٢-٢ **بایەخدانی کاربەدەستانی ڕوسیا بە کورد لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم و دامەزراندنی بناغەی کوردناسیی**

٢-٢-١ **سەرەتاکانی کوردناسیی لە ڕوسیا لە پەنجاکانی سەدەی نۆزدەیەم**

ئاوڕدانەوە و چاوتێبڕینی سیاسی ڕوسیا و دەوڵەتە ئەورووپییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک، نەک هەر زاناکانی بەرەو لێکۆڵینەوەی ژیانی ئەم میللەتانە بەتایبەتی بەرەو میللەتی کورد ڕاکێشا، بەڵکو وای کرد هەتا موچەخۆرەکانی باڵیۆزخانەکان و نێردە دیپلۆماتییەکانیش خۆیان بە لێکۆڵینەوەی مێژوو و زمان و دۆخی ئەتنۆگرافی ئەم میللەتانەوە خەریک بکەن.(جەلیلێ جەلیل، ١٩٨٧: ١٣)

ئەڤیریانۆڤ لەو کتێبەیدا، کە هەرچەندە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا نووسیویەتی، بەڵام وەک پێویستییەکی سەربازیی، ئاماژە بۆ گرنگیی کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر کورد دەکات و دەڵێت:"لە جەنگی داهاتوو لەگەڵ دەوڵەتی

[1] http://armenianhouse.org/abovyan/wounds-of-armenia/intro.html

[2] ڕۆمانی" زامەکانی ئەرمینیا" ل. ١٦٣/http://armenianhouse.org/abovyan/wounds-of-armenia/intro.html

عوسمانی هێزەکانی قەفقازمان، چیتر ئەو خێڵە کوردە کێویانە لەبەرامبەر خۆیان نابینن، کە لە جەنگەکانی ڕابردوودا کەم کەڵکی خۆیان نیشان دەدا و ئەوان زۆر بە کەڵکی ئۆپەراسیۆنی جیدیی و ڕێکخستنی پۆلیس نەدەهاتن. کەوابوو لەم بارودۆخەدا پەیوەندی کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە ئێمەوە گرینگایەتییەکی زۆرترمان لەچاو ڕابردوو جەنگەکانی پێشووی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هەیە، بۆیە باشتر ئەوەیە کە ئەو ئەزموونانەی کە لە پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ کورد و ئەو ئۆپەراسیۆنانەش کە دژی ئەوان بەدرێژایی سەدەیەک بووە، بێ شوێنەوار نەمێنێتەوە و لەبیرنەچن، بەڵکو دەتوانن لە داهاتوودا قازانج و کەڵکێکی زۆریان بۆ ئێمە لە ئاسیای بچووکدا هەبێت.(ئەڤیریانۆڤ، ٢٠٠٤: ١٠)

محەمەد ئەمین زەکی لەبارەی ئەم بایەخدانەی ڕوسەکان بە کورد و هۆکار و سەرەتای لێکۆڵینەوە لە کورد دەڵێت:"لە هەردوو جەنگی ڕوسی تورکی و دوایەمین(١٨٢٨ و ١٨٧٧ – ١٨٧٨) شەڕ، شەڕ و بەیەکدادانەکان فراوان بوون تا ئەوەی گەیشتە کوردستانی ناوەڕاست، بەو هۆیەشەوە گەلی کورد دووچاری ماڵوێرانی و دەردیسەریی زۆر بووەوە، بەڵام ئەم هاتنەناوەوەی ڕوسەکان بۆ قوڵایی وڵاتی کوردان، بواری ئەوەی بۆیان ڕەخساند تاوەکو لەنزیکەوە لێکۆڵینەوە لە ژیان و گوزەرانی کورد بکەن.(ئەمین زەکی، ١٩٦١: ١٧٤)

لە پێش جەنگی کریم ١٨٥٣ – ١٨٥٦ ڕوسەکان زۆرتر، لە دیدی ئاسایش و سەربازییەوە بایەخیان بە کورد دەدا، هەربۆیە لە فێرگە سەربازییەکانیاندا، وەک بابەتێک دەخوێندرا، هەروەکو لەم بەرهەمانەدا، دەبینرێت:"ئەردەڵان یا کوردستانی ئێران (زانیاری جوگرافیایی بەشی ١ و پەرەگرافی ٢. لا: ١٨ – ١٩. ڕەچەڵەک و دابونەریت، کوردە کۆچەر و ناکۆچەرەکان، ڕێکخستنی کۆمەڵە شەڕوانەکانیان و تاکتیکیان. بەشی ٤ پەرەگرافی ٢، لا: ٧٩ - ٨٣)"؛ "کورد. گۆڤار بۆ قوتابیانی پەروەردەی فێرگە نیزامییەکان. ١٨٥٤، بەرگی١١٠، ژمارە ٤٣٨، ل ٢٠١ – ٢١٠. یاداشتە مێژوویییە- ئەتنۆگرافییەکان".(موسائیلیان، ٢٠١١: ٨٠) بەڵام دوای ئەو جەنگە جۆری بایەخدانەکە تایبەتمەندێتی وەردەگرێت و قوڵتر کۆڵینەوە لەسەر کورد دەکرێت، وەک لە:"کورد لە هەرێمی سمۆلینسکی، ڕۆژنامەی"سێڤەرنایا پچیۆلا- هەنگی باکوریی"، ژمارە ٢٨٣/ ٢٣ کانونی یەکەمی ١٨٥٥ ل ١ و ٢ وتارێک لەسەر دابونەریتی کورد"دا دەردەکەوێت.(موسائیلیان، ٢٠١١: ٧٤)

ئەڤیریانۆڤ لەبارەی هۆکار و پێویستیی پەیوەندییکردن و ڕاکێشانی کورد بە لای ڕوسیادا لە دیدی سەربازییەوە، هەروەها ئەوەی، چۆن تورکەکان لە جەنگەکانیاندا دژ بە ڕوسیا سودیان لێ وەرگرتوون، دەڵێت:"لە دەیان ساڵی ڕابردوودا دەوڵەتی عوسمانی هەموو هەوڵی خۆی بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی خۆی و ڕاکێشانی کوردی ژێر دەستی خۆی بۆ خزمەتکردن لە ڕیزەکانی سوپای عوسمانیی، بە مەبەستی ئامادەکردنی سوارە لێیان دژ بە سوپای ئێمە لە قەفقاز و تێکهەڵچوونەکانی ئەوان دژ بە ڕوسیا لە داهاتوودا داوە".(ئەڤیریانۆڤ، ٢٠٠٤: ٩-١٠) هەر بۆیە "بەهۆی ئەو تێگەیشتنانە بوو، کە خاوەنشکۆ بیلیایۆڤسکی فەرماندەی بارەگای گشتی هێزەکانی ڕوسیا لە قەفقاز دەستوری دا کە ئەم یاداشتە مێژوویانە بنوسرێت، کە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەم کێشە گرنگ و سەرنجڕاکێشانەرانەی خوارەوە بوو: بەشداریی کورد لە جەنگەکانی ڕوسیا لەگەڵ ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی سەدەی نۆزدەیەمدا بوو. پەیوەندی و چالاکیەکانی ئێمە دژی ئەوان بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوودا بوو، هەروەها ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی کوردی ڕوسیا و ئێران و دەوڵەتی عوسمانییە، دیارییکردن، ڕوونکردنەوەی ئەو ئەگەرانەی سەبارەت بە هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە ڕوسیا لە کاتی تێکهەڵچوونی ئێمە و ئێران یان دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی ڕوودات".(ئەڤیریانۆڤ، ٢٠٠٤: ١٠-١١)

هەر لە سۆنگەی ئەم پێویستییە سەربازییە و سودوەرگرتن لەو زانیارییانەی نوێنەرانی دیپلۆماتیی ڕوسیا و فەرماندە سەربازییەکانی ئامادەیان دەکرد، زۆر بایەخ بەو سەرچاوانە دەدرا، کە جوگرافیای ناوچە کوردییەکان و ژیان و گوزەرانی خێڵە کوردەکان و پێگە و ڕادەی پابەندبوونیانەوە بە دەسەڵاتی ئێران و عوسمانیی تێدا یاداشت دەکران. لەم ڕووەوە یاداشتەکانی چیریکۆڤ جێگەی بایەخدان و سەرنجدانی دەسەڵاتداران و ئەو کاربەدەستانەی ڕوسیا بوو، کە بایەخیان بە پەیوەندییکردن بە کورد و لێکۆڵینەوە لە بواری کوردناسییدا دەدا. چیریکۆڤ، کە وەک نوێنەری ڕوسیا لەگەڵ نوێنەرانی بەریتانیا و ئێران و دەوڵەتی عوسمانی لە ئەنجامی پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم(١٨٤٣- ١٨٤٧) بۆ دەستنیشانکردنی سنوری نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانیی لەنێوان (١٨٤٨ – ١٨٥٢) بەشدار بوو، لەنێوان(١٨٤٨ – ١٨٥٢) لەسەر سنوری ئێران و عوسمانی لەگەڵ سێ کەس کاروباری نەخشەهەڵگرتنیان لە ئەستۆ بوو.(چریکۆڤ، ٢٠١٣: ٨) چیریکۆڤ لەو کتێبەیدا باسی شار و ئاواییەکانی ئێران بەگشتی و ناوچە سنورییەکانی ڕۆژئاوای لە ڕووی جوگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دەکات و کۆمەڵێک زانیاری باشیشی لەسەر سنەی پایتەختی ئەردەڵان و کرماشان و لوڕستان و زۆر ناوچەی تری کوردستانی بندەستی ئێران تۆمارکردووە. یاداشتاکەی چیریکۆڤ، کە ساڵی ١٨٧٥ بە سەرپەرشتی گامازۆڤ لە سانت پیتربورگ، وەک کتێبێک چاپکراوە، وەک مینۆرسکی دەڵێت:"تا ئەمڕۆش بەهای خۆی پاراستووە".(مینۆرسکی، ١٩٨٤: ٩٦)

**٢-٢-٢ بناغەدانەرانی کوردناسیی لە ڕوسیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم**

دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ڕوسیا لە پایتەخت و کاربەدەستانی سەربازیی و ئیداریی لە پشتقەفقاز گرنگیی کوردیان لە ناوچەکە و پێویستیی ڕاکێشان یان بێلایەنکردنی کوردیان بۆ دەرکەوت و کۆمەڵێک زانیاری بە بەرنامە و ئاڕاستەکراو لەسەر کورد کۆکرایەوە، بڕیاردرا لە ئاستێکی بەرزتر و بەشێوەیەکی زانستیی و ئەکادیمیی کار لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتناسییدا بکرێت، کە وردەوردە بۆ کوردناسیی و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە زمان، کولتوور ، مێژوو و ئەتنۆگرافیا، جیا لە ئێراناسی و لقەکانی تری ڕۆژهەڵاتناسیی بگۆڕێت. بۆ ئەو مەبەستەش چ لەناو ڕوسیادا بە ڕاسپاردەی ئەکادیمیای زانستەکان و زانکۆکان – وەک پیوتەر لێرخ؛ چ لە دەرەوەش، وەک دیپلۆماتکار و نوێنەرانی ڕوسیا – وەک ئەلکساندەر ژابا ڕاسپێردران.

**ئا- پیوتەر لێرخ**

پیوتەر لێرخ(١٨٢٧ – ١٨٨٤) ساڵی ١٨٥٠ خوێندنی زانکۆیی لە کۆلێجی فەلسەفەی زانکۆی پیتربورگ تەواو کرد، دواتر لە ئەکادیمیای زانستەکان دەستی بە کار کرد. دوای ئەوەی کۆمەڵێک دیلی کورد، کە لە جەنگی کریمدا لە ڕیزی لەشکری عوسمانییدا کەوتنە دەست لەشکری ڕوس و لە شاری یاروسلاڤلی هەرێمی سمۆلێنسک نیشتەجێ کران، لەسەر داوای ئەکادیمیا بۆ لایان ڕەوانە کرا و لەوێ خۆی فێری زمان، مێژوو و ئەتنۆگرافیای کوردی کرد. لێرخ خاوەنی ٨٠ بەرهەمە لە بواری پرسی شوێنەوارناسیی و زمانناسیی گەلانی ئاسیای ناوەڕاستە، کە لە گۆڤارەکانی ڕوسیا و دەرەوەدا بڵاوکراونەتەوە. لێرخ سەبارەت بە دەستپێکردنی کارەکەی دەڵێت:"لە ژمارە ٢٨٣ (سێڤەرنایا پچیۆلا)، ٢٣ کانوونی یەکەمی ١٨٥٦دا وتارێکی میکێشین لەژێر ناوی "کورد لە هەرێمی سمۆلێنسک" بڵاوکرایەوە. ئەکادیمیای زانستەکان یەکەم جار لەڕێگەی ئەم وتارەوە بە بوونی ئەو کوردە دیلانەی ناو سنوری وڵاتەکەمانی زانی. ئەکادێمیک دۆرن لە یەکەم کۆبوونەوەی بەشی مێژوو - زمانەوانیی، لەسەر ڕاسپاردەی بەشەکە، داواکارییەکی سەبارەت بە ڕەوانەکردنم بۆ یارۆسلاڤل بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی و هەندێک توێژینەوەی تری پەیوەست بەم گەلەوە، خستە بەردەم سەرۆکی ئەکادیمیا بلۆدۆڤ".(لێرخ،١٨٥٧: سێ)

بۆچوونی ئەکادێمیک دۆرن لەسەر گەشتە زانستییەکەی لێرخ، کە لە کۆبوونەوەی بەشی سێیەمی ئەکادیمیای زانستیی، ڕۆژی ٢٠ حوزەیرانی ١٨٥٦دا خراوەتەڕوو، لەو پێشەکیەیدا کە بۆ کتێبەکەی لێرخی نووسیوە، دەڵێت: "من باسی زمان و مێژووی خێڵە کوردییەکان دەکەم، کە لەگەڵ بایەخ و گرنگیشیاندا، تا ئێستا چەندان جار فرێن توێژینەوەی لەسەر کردوون، بەڵام لێکدانەوەی پێویست ماونەتەوە. کاندیداتی زانکۆی سانت پیترسبورگ لێرخ لە گەشتەکەی بۆ یارۆسلاڤڵ گەڕاوەتەوە، کە ئەکادیمیا لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکەکەی، بلۆدۆڤ، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردان و بۆ توێژینەوەی تری پەیوەست بەم گەلەوە ڕەوانەکرابوو." (لێرخ،١٨٥٧: ١) پێدەچێت ئەو زانیارییانەی لێرخ لە گەشتەکەیدا بەدەستی هێنابوون، تینوێتی ئەکادیمیای زانستەکانی سەبارەت بە گەلی کورد و مێژوو و زمانەکەی نەشکاندبێت، بۆیە، دۆرن دەڵێت:"کاتێک بەڕێز لێرخ نیازی خۆی سەبارەت بە لێکولینەوە لەسەر زمانی کورد پێڕاگەیاندم، من دەمودەست ڕووم لە ڕۆژهەڵات کرد، بۆ ئەوەی لەناو کوردستانەوە یاخود لەڕێگەی خەڵکی کوردەوە سەرچاوە بۆ ئامانجەکەی بەدەست بخەم. هەوڵەکانم بێ ئاکام نەبوون".(لێرخ،١٨٥٧: ٢-٣)

هەروەکو لێرخ خۆیشی لەم بارەیەوە دەڵێت:"بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، دەبوو چاوەڕوانی هاتنی بابەتی نوێ و بەپێی توانا سەرڕاست لە هەموو لایەکەوە بکرێت، بۆ ئەمەش سەرەتایەک داڕێژرابوو. ئەکادێمیک دۆرن، ڕاستەوخۆ کەوتە تەگبیری پەیداکردنی مەتریاڵی نوێ بۆم. ئەوە بوو پەیوەندی بە دۆستی واوەوە کرد، کە خۆشبەختانە بەپێی پێگەکەنیان لە توانایاندا بوو داخوازییەکەی جێبەجێ بکەن. یەک لەوانە ئەندامی پەیامنێری ئەکادیمیای زانستەکان خانیکۆڤ، سەرکونسوڵی تەورێز بوو. لە کانوونی یەکەمی پاردا دەستنووسێکی گەورەی، لەگەڵ وەرگێڕدراوی لە فارسی و تورکی و چەند شیعرێک بە زاراوەیەکی کوردی لەوەوە بۆ ئەکادیمیا هات. جگە لەوەی، بە هاندانی ئەو، لە سابڵاخەوە، مەڵبەندی سەرەکی خێڵی موکری، وەرگێڕدراوی کوردی گوڵستان ئامادە دەکرێت. وەرگێڕانی ئەو بەرهەمەی بۆ زمانی کوردی، کە خانیکۆڤ بە کوردێک بە ناوی میرزا زەمین سپاردووە، چاوەڕوان دەکرێت، لە تەموزی ساڵی داهاتوودا بە ئەکادیمیای زانستەکان بگات".(لێرخ،١٨٥٧: چوار)

پێش کۆتایی ساڵی ١٨٥٧یش بەشێکی تر لەو چاوەڕوانیانە هاتنەدی و ئەکادیمیا وەرگێڕانی کوردی لە تورکی و فارسییەوە لە ڕێگەی کۆنسوڵی ڕوسیا لە ئەرزڕوم، ژاباوە بەدەست گەیشت. هەر لەم کاتەیشدا وەرگێڕانی فەرەنسی مێژووی کورد، "شەرەفنامە" لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسێکی ڕوسی، دەرچووی زانکۆی کازان تەواو بووە (لێرخ ١٨٥٧: ٢- ٣

کوردۆییێف لەبارەی دامەزراندنی کوردناسیی و لێرخ، وەک یەکەم دامەزرێنەر و دۆرن، وەک پێشەنگی گەشەسەندنی کوردناسیی، دەڵێت:"بەڵام هەلومەرج و زەمینەی گەشەسەندنی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە دروستبوو. پێشەنگی ئەم کارەش بۆ دۆرن بوو، کە هاوکارییەکی بێهاوتای دامەزرێنەری کوردناسیی ڕوسی لێرخی کرد".(کوردۆییف،١٩٥٩: ٣٩)

لێرخ لەبارەی زمانی کوردییەوە باسی ئەوە دەکات، کە بە لای ئەوەوە زمانی کوردی لە ناو زمانە ئێرانییەکاندا دەوڵەمەندترین سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی جیاوازە، کە تا ئەو کاتە نەدۆزرابووەوە، ئەو هەر لەسەر هەڵوێستە ڕوونەکەیەتی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی کەسانی پێش خۆی و دەستبەرداری ئەو کتێبانە نەبوو، کە لە بارەی کوردەوە بە زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ڕوسی نووسرابوون، بەڵام زۆرتر سودی لە شەرەفنامە وەرگرتووە و لەوانی تر زۆتر هەڵوێستەی لەسەر کردووە.(لرخ، ٢٠٠٨: ٩) لە پێشەکی کتێبی دووەمیشیدا باسی ئەوە دەکات، کە چۆن سودی لە بەرهەمێکی خۆدزکۆش وەرگرتووە و لەم بارەیەوە دەڵێت:"لەم ڕۆژانەدا نامیلکەی کۆکراوەی پاریسیی"ڕۆژنامەی ئاسیایی" مانگی نیسانی ئەمساڵم بەدەست گەیشت، کە تیایدا بابەتی زۆر سەرنجڕاکێشم سەبارەت بە لێکۆڵینەوە

لەسەر زمانی کوردیی دۆزیـیەوە، کە لەلایەن خۆدزکۆوە لەژێـر ناونیشـانی "لێکۆڵینەوەی فەلسـەفی لە بـارەی زمـانی کوردیی (دیالێکتی سلێمانی)"دا نووسیبوی"(لێرخ، ١٨٥٧: پێنجەم)

شایانی باسە، ئەلکسـاندەر خۆدزکۆ(١٨٠٤-١٨٩١)، کە لە خێزانێکی پۆڵـۆنی لە نـاوچەیەکی بێلۆڕوسـیا لەدایکبـوو و مـاوەیەکیش، لەنێـوان سـاڵانی (١٨٣٠-١٨٤٢)دا وەک دیپلۆماتکـارێکی ڕوسـیایی لە ئێـران و دواتـر فەرەنسـا کاردەکـات، بەڵام لە سەرەتای چلەکاندا واز لە کاری فەرمی و دیپلۆماتیی دەهێنێـت و لە پـاریس جێگیـر دەبێـت. لەنێـوان سـاڵانی ١٨٥٧-١٨٨٣دا وەک پرۆفیسۆری بواری ئەدەبی سلاڤی لە کۆلێجی دێ فـرانس لە پـاریس کاردەکـات. سـاڵی ١٨٥٣ کاتێـک ئەحمەد پاشای میری پێشتری بابـان سـەردانی پـاریس دەکـات، لەوێ دەبێـتە میـوانی خۆدزکۆ و مـاوەیەکی زۆر لەوی دەمێنێـتەوە و بەشـدارییەکی بچـووک لە گەشـەپێدانی کوردناسـیی لە فەرەنسـا دەکـات. ئەحـمەد پاشـا و خۆدزکـۆ بـابەتێکی ٦٠ لاپەڕەیـی پـێکەوە دەنووسـن، کە دەبێـتە سـەرچاوەیەکی گرنـگ بـۆ کـۆڵینەوە لە ئەدەبیـات و زمـانی کوردی.(پیربال،٢٠٠٩: ٣٨)

لێرخ سەبارەت بە چلۆنـایەتی و گرنگیـی بەرهەمە زانسـتییەکەی، لە دەروازەی کتێبەکەیـدا دەڵێـت:"ئەوەی مـایەی شانازییە بۆ من، ئەوەیە، کە وڵاتەکەم یەکەم کتێبی زانستیی فراوان لەبارەی گەلـی کـوردەوە پێشـکەش دەکـات، کە لە زۆر لایەنەوە گرنگیی هەیە. لەوە دەچێت شارێکی تر وەک پیتربـورگ نەبێـت، کە پێداویسـتییەکانی لێکـۆڵینەوەی ئەم بابەتەی فەراهەم کردبێت و لەنـاو ئەو کتێـب و دەستنووسـە زۆرانەی تزارەکانمـان پێشکەشـی پایتەختیـان کـردووین، دەستنووسێک هەیە، کە بە باشترین سەرچاوەی لێکۆڵینەوەیە لە مێـژووی کـورد، هەرچەنـدە مـن نەمتوانیـووە چەنـد دانراوێک بەدەستبهێنم، کە بـۆ مـن گرنـگ بـوون، .... لە کۆتاییـدا بە ئەرکـی سەرشـانی خـۆمی دەزانـم، پێزانینـی خـۆم پێشـکەش بە بەڕێـز سـاڤیلۆڤ بـکەم، چـونکە کاتێـک زانـی سـەرقاڵی لێکـۆڵینەوەم لەسـەر کـورد، ئەو دەستنووسـە تۆمارکراوانەی سەبارەت بە خێڵە کوردەکان و زمان و مێژوویان، کە دوای مردنی دیتێڵ بەجێ ماون". (لێرخ، ١٨٥٧: ٢١)

پیوتەر لێرخ باسی ئەوە دەکات، کە ئەو کاتەی ئەو دەستی بە لێکۆڵینەوە لەسەر کورد کردووە، کـورد بـۆتە بـایەخ و مایەی سەرنجدانی کەسانی تر و دەزگای توێژینەوەی تریش لە دەرەوەی ڕوسـیا، هەر لەو بـارەیەوە دەڵێـت:"دەتـوانین بڵێین، کە سەرچاوەی زانستیی نوێ پڕن لە دەنگوباس لەبارەی خـێڵە کوردەکـانەوە. ئێسـتا گەلـی کـورد بـووەتە مـایەی بایەخپێدانی هەموو نـوێنەرە دیپلۆماتییەکـانی وڵاتـانی ئەوروپـی گەورە لە هەریەکە لە دەوڵەتـی عوسـمانی و ئێـران، هەروەک چۆن مایەی بـایەخی زانایـانی شوێنەوارناسـیی، کە لەلایەن حکومەتەکانیـانەوە بـۆ دۆزینـەوەی شـوێنەواری بابل، ئاشور و پێرسیای کۆن ڕەوانە کرابـوون، هەروەهـا بـایەخی سروشتناسـەکان و مژدەبەرانـی ئـایینی، ئەوانەی کە ڕێوشوێنەکانی ئایینی مەسیحییان بڵاودەکردەوە". (لێرخ، ١٨٥٧: ٤-٥)

هەڵەی لێرخ لەوەدا بوو، کە کوردی بە نەوەی کلدانی"خاڵدی" دادەنـا و نـاوی یەکێـک لە بەرهەمەکانیشـی  لە چـاپە ڕوسییەکەیدا "توێژینەوە لەبارەی کوردە ئێرانیەکان و باپیرانیان، خاڵدییە باکورییەکـان"[1]بـوو، هەروەکـو لە دەروازەی ئەو دانراوەیـدا دەڵێـت:"کـورد لە ڕووی مێـژووییەوە نەوەی ئەو جەنگـاوەرە کلـدانییە ئێـرانییە بەهێـزانە بـوون، کە دانیشتووی چیاکان بـوون و بە گیـانی جەنگـاوەریی بەرزەوە ناسـراون و پـێش هەزارەی سـێیەمی پـێش زایـین بەرەو پێدەشتەکانی دیجلە و فـورات دابەزیـوون... نەوە کلـدانییە باکوورییەکـان، کە دەسـەڵاتیان بەسـەر بابـل و ئاشـووردا

١ کتێبی دووەم و سێیەمی لێرخ، چاپی ساڵی ١٨٥٧ بە زمانی ڕوسی لەگەڵ وەرگێڕانی کتێبی یەکەم، بە عەرەبی لە وەرگێڕانی د. عبدی حاجی، ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون. بێگومان، لە چاپە عەرەبییەکەیدا بە (لرخ)، نەک (لێرخ) نووسراوە.

سەپاندبوو، یارمەتی پەرەسەندنی دەوڵەتی ئاشووریان دا و چاودێرانی هاوچەرخ وا دەبینن، کە خێڵە کوردەکانی ئەورۆ، نموونەی ئەو پاشا و جەنگاوەرانەن، کە لە هونەرە جوانەکانی ئاشووریدا وێناکراون".(لێرخ، ١٨٥٧: ٢١-٢٢). هەرچەندە لە چاپە ئەڵمانییەکەیدا بەشێوەیەکی جیاواز لە ڕوسییەکە نووسیویەتی، لەمەشدا دەردەکەوێت، کە بیروبۆچوونەکانی لەبارەی ڕەسەنی کورد لە کلدانییەکانی باکوری ئێران ڕاستکردۆتەوە.(لرخ، ٢٠٠٨: ١٠)

**بێ - ئەلکساندەر ژابا**

ئەلکساندەر ئۆگوست ژابا ساڵی ١٨٠٣ لە خێزانێکی پۆڵۆنی ئەرستۆکراتی لەدایکبووە. ساڵی ١٨٢٤ – ١٨٢٨ لە زانکۆی ڤیلێنسکی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی، بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی تەواو کردووە. دوای ئەوە لە کونسوڵخانەی ڕوسیا لە شاری یافا، ساڵۆنیک و سمیرنا کاری کردووە. لە نێوان ساڵی ١٨٤٨ - ١٨٦٦ لە ئەرزڕۆم، وەک کونسوڵی ڕوسیا کاری کردووە. ساڵانی ١٨٥٣ – ١٨٥٦، بەشداریی جەنگی کریمی کردووە و پاشان بۆ ئەرزڕۆم گەڕاوەتەوە. لەسەر داوای بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئاسیا دۆرن دەستی بە فێربوونی زمانی کوردی کردووە و ئیتر لەو کاتەوە دۆستایەتیی لەگەڵ مەلا مەحمودی بایەزیدیی و چەند زانا و خوێندەواری کورد پەیداکردووە و لە ڕێگەی ئەوانەوە شارەزاییەکی باش لە زمان، ئەدەب و مێژووی کورد پەیدادەکات، کاتێکیش جەنگی کریم ساڵی ١٨٥٣ دەستپێدەکات، کونسوڵخانەکە دادەخرێت و دوای کۆتایی جەنگ لە ١٨٥٦دا دەکرێتەوە و ژاباش بۆ سەر کارەکەی دەگەڕێتەوە[1].

دوای ئەوە زانایانی وەک بیرێزین، ئابۆڤیان، لێرخ و ژابا بایەخێکی زۆر بە مێژوو و زمانی کوردی دەدەن، دواتر لە دەستپێکی نیوەی دووەمی پەنجایەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەشی مێژوو و زمانناسی ئەکادیمیای زانستەکانی سانت پیتربورگ لەسەر داوای دۆرن ساڵی ١٨٥٦ داوا لە کونسوڵی ڕوسیا لە ئەرزڕۆم، ژابا دەکات تا هەژموون و دەسەڵاتی خۆی وەکو کونسوڵی ڕووسیا بەکاربهێنێ بۆ کۆکردنەوەی دەقی کوردی، دەستنووس و وشەنامەی کوردی بۆ ناسینی زمان و ئەدەبیات و هۆزە کوردییەکان.(ژابا،٢٠١٠: ٨)

دوای ئەمە ئەلکساندەر ژابا دەست بە کۆکردنەوەی دەستنووسی کوردی و لێکۆڵینەوە لەسەریان دەکات و بە هاوکاریی خوێندەوارانی کورد، بەتایبەتی مەلا مەحمودی بایەزیدیی، ژابا تا کۆتایی ساڵی ١٨٥٦ ژمارەیەک دەستنووس، لەناویشیاندا وەرگێڕانی پەندی پێشینانی تورکی بۆ سەر زمانی کوردی و وەرگێڕانی چیرۆکی فارسی بۆ پیتربورگ دەنێرێت. لەناو ئەو دەستنووسانەدا، کە مەلا مەحمود نووسیبونی، چەند کارێک لەسەر مێژوو، ئەتنۆگرافیا، فۆلکلۆر و زمانی گەلی کورد هەبوون. ساڵانی ١٨٥٨-١٨٥٩ ڕێزمانە عەرەبی – فارسی – کوردییەکەی عەلی تەرەماخی، دانەری کۆتاییەکانی سەدەی شانزەیەم – سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم، لەبەر نووسیەوە و پێشەکییەکیشی خستەسەر، کە تیایدا زانیاری لەسەر ژیاننامەی عەلی تەرەماخی نووسیبوو، و ئاماژەی بە چەند زانای کورد و دانەرانی ڕێزمانی کوردیی تریش کردبوو.(موسەیلیان، ٢٠٠٤: ١٠٠) بێگومان دەبێت ئەوەش بووترێت، کە ژابا جگە لە بایەزیدیی، کە بووە نووسەرەوە، وەرگێڕ و دانەری چەند بەرهەمێک، سودی لە چەند ڕۆشنبیر و نووسەرێکی تری کورد وەرگرتووە، لەوانە: شێخ نزار، مەلا مستەفا، مەلا موسای هەکاریی و زۆری تر وەرگرتووە.(پیربال،٢٠٠٩: ٤٠)

ڕوینکۆ لەبارەی ڕۆڵی ژابا و گرنگیی کارەکانی لە "ئەدەبی کوردیی سەدەی حەڤدەیەم"دا دەڵێت:" ژابا سەرەتای لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاستی دامەزراند. ژابا هەندێ دەسنووسی زۆر بەنرخی کۆکردۆتەوە. ئەو کۆمەڵە دەسنووسەی ژابا ڕەشنووسی سەرنج و تێبینییەکانی خۆی دەربارەی هەندێکیان هەروەها ئەو باس و خواسە

1 http://www.haberdiyarbakir.com/arsiven-rusya-en-kurdolojiye-koleksiyona-aleksander-jaba

کورتانەی دەربارەی هەشت شاعیری کورد نووسیونی تا ئێستاش یەکەم و تاقانە سەرچاوەی باوەڕپێکراون.(کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨: ل ١٧٥ – ١٧٦)

لێرخ سەبارەت بە ئەلکساندەر ژابا و سەرەتای دەستپێکردنی بە کوردناسییەوە دەڵێت:"لەگەڵ خانیکۆڤدا نوێنەرێکی تری بەرژەوەندییەکانی ڕوسیا لە ڕۆژهەڵات، ڕاوێژکاری دەوڵەت ژابا، کونسوڵ لە ئەرزڕۆم، کە بە دڵسۆزییەکی بێوێنە سەرقاڵی دەسخستنی مەتریاڵی گرنگ بۆ توێژینەوە لەسەر زمانی کوردی بوو".(لێرخ، ١٨٥٧: چوار). لەبارەی ڕۆڵی گەورەیشی لە کوردناسییدا دەڵێت:"ئەرکی ئەوەیشی خستۆتە سەرشانی خۆی، بەوەی هەموو ئەو دەقە کوردییانەی بە پیتی لاتینی و گۆکردنی فەرەنسیی داڕشتۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کونسوڵی پایەبەرز لەوێدا نەوەستاوە، بەڵکو لەگەڵ دەقە ڕەسەنە کوردییە کۆکراوەکانیدا، وەرگێڕانێکی فەرەنسیشی هاوپێچ کردووە. هەرکەسێکیش، کە ئاگاداری دۆخی ئێستای لێکۆڵینەوەی ئێرانیزم بێت، تێدەگات، کە خزمەتەکانی خانیکۆڤ و ژابا لەم بوارەدا چەند مەزنن".(لێرخ، ١٨٥٧: پێنجەم)

کوردناسیی لە ڕوسیا لەو کاتەدا لە قۆناغی لەدایکبووندا بوو و تەنیا کاری لەسەر ناساندن دەکرد، و دوای ئەوەی ژابا توانی پتر لە ٦٠ دەستنوسی پەخشان، چیرۆک، زمانەوانی و مێژوویی کۆبکاتەوە یان خۆی و مەلا مەحمودی بایەزیدیی بینوسن، کە ٥٦ یان بە کوردی، ٤ بە فەرەنسی و ٣ بە تورکییە.(شەرەفخان، ١٩٧٣: ١٦٩)، دەست بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی کرا. شایانی باسە، کە لەنێو ئەو ئەرشیفەدا کۆپی ساڵی ١٧٩١ی بەرهەمی مەولودنامەی مەلای باتێ، کۆنترین بەرهەمی کوردی و چەندین شیعری شاعیرە ناودارەکانی کورد هەن، بێجگە لەوانە لەنێو ئەو ئەرشیفەدا، ئەلف و بێی کوردی تایبەت بە منداڵان، نموونەی وشە و ڕستەکان، ڕێزمانی کوردیی مەلا مەحمود، فەرهەنگی کوردی بە کوردی، جیاوازییەکانی نێوان زاراوەکانی زمانی کوردی، تاقە نوسخەی شەرەفنامە و وەرگێڕانی کرمانجی شەرەفنامە (کوردستانی نوێ: ٢٠١٤/٢/١٤) هەن.

وەک دەردەکەوێت، ژابا تەنیا کاری لەسەر کۆکردنەوەی دەقی کۆنی کوردی و وەرگێڕانیان نەکردۆتەوە، بەڵکو هانی مەلا مەحمودی بایەزیدیشی داوە بەرهەمی نوێ بنوسێت یان وەربگێڕێت، ئەمەش وەک لە وەرگێڕانەکەی مەلا مەحموددا دەردەکەوێت، کە لەژێر ناوی "تەواریخی قەدیمی کوردستان" بوو. بایەزیدیی لە پێشەکییەکەدا نووسیویەتی:"کتێبەکەی شەرەفخان زۆر دەگمەن بەرچاو دەکەوێت، لە هەموو کوردستاندا دوو سێ دانەی هەیە، لەسەر ڕاسپاردەی ژابا، لە فارسییەوە بۆ زمانی کورمانجیم وەرگێڕاوە".(موسەیلیان، ١٩٨٦: ٩٨)

ئەمە سەرباری ئەوەی ژابا چەند بابەتێکی تری کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و کوردییەکەیشی بە پیتی لاتینی نووسیوتەوە، کە بە زۆری نووسین یاخود کۆکردنەوەی مەلا مەحمودی بایەزیدیی بوون، لەوانە: "ریسالەی حەکایەتان"، کە ٤٠ چیرۆکی کوردییە؛ "عادات و ڕسوماتنامەی تەوایفی ئەکرادیە و ئوسوڵی نیزامانی کورمانجی"؛ دانانی فەرهەنگێکی کوردی – فەرەنسی بە یارمەتی مەلا مەحمود، ساڵی ١٨٧٩ لە سانت پیتربورگ بڵاوکراوەتەوە؛ فەرهەنگی ڕوسی–فەرەنسی– کوردی و کوردی–ڕوسی– فەرەنسی.(پیربال. ٢٠٠٩: ٤٢)

شایانی باسە، کاتێک ژابا دەسنووسی ئەو دوو فەرهەنگەی لە ئەرزڕۆمەوە ڕەوانەی ئەکادیمیای زانستیی لە پیتربورگ کردبوو، لەسەر داوای ئەکادیمیا دەسنووسی ئەم دوو فەرهەنگە و چەند دەسنووسێکی دیکەی کوردی خرانە بەردەست یوستی، کە لەو سەرەبەندەدا ناوی وەکو ئێرانیناسێک دەدرەوشایەوە، بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی کوردی – فەرەنسی لێوە ئامادە بکات، کە دواتر لە ساڵی ١٨٧٩ بڵاوکرایەوە. ساڵی دواتر، پشتئەستور بەو مەتریاڵ و کەرەسانەی بۆ ئامادەکردنی ئەم فەرهەنگە لای کەڵەکەبووبوونەوە و بەتایبەتی نووسراوەکانی لێرخ و تێکستەکانی ئەلبێرت

سوتسین(نەستورییەکانی تورعابدین) بە زمانی ئەڵمانی کتێبێکی بە ناوی (ڕێزمانی کوردی) بڵاوکردەوە. یوستی لەم کتێبەیدا زۆر بەڕوونی ئەوەی سەلماندووە، کە زمانی کوردی لە زمانەکانی دیکەی ئێرانی و بەتایبەتی لە فارسی نوێ، نەک لە بواری وشەنامەدا، بەڵکو لە بواری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییشدا جیاوازە. (نەجاتی عەبدوڵا. ٢٠١٠: ١٧-١٨)

پیوتەر لێرخ سەبارەت بە بایەخی ئەم فەرهەنگەی ژابا دەڵێت، کە زمانی کوردی ژمارەیەکی زۆرتری دۆست و لایەنگری نوێ بەدەستدێنێت و پاڵ بە گەڕۆکە ئەوروپییەکان لە کوردستان دەنێت خۆیان خەریکی فێربوون و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی بکەن و هەروەها خوێندنەوەی ئەو دەستنووسانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەو دەقە کوردییانەی لە ئەرزڕۆم کۆکراونەتەوە ئاسانتر دەکات و یارمەتی پێکهاتن و خەملاندنی زیاتری زمانی کوردی دەدات. (موسەیلیان، ١٩٩١: ٨٣-٩٩)

ئەلکساندەر ژابا، لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەی لە ئەرزڕۆم ژیاوە، بەتایبەتی لەنێوان ١٨٥٦ – ١٨٦٦دا سەرباری ئەوەی گەنجینەیەکی یەکجار گەورەی زمانی کوردی لە فەوتان ڕزگارکردووە، کتێبخانەیەکی نایابی نوسراوە ڕۆژهەڵاتیەکانی هەبووە، کە جگە لە کتێبی چاپکراو، ٢٦٠ دەستنووسی تێدابووە، لەوانە ٥٤ دەسنووسی کوردی (٤٤ دەسنووسی کوردی، ٤ بە زمانی فارسی، ٣ بە زمانی فەرەنسی و ٣ بە تورکی) ئێستا لە کتێبخانەی ساڵتیکۆڤ – شێدرین لە سانت پیتربورگ هەڵگیراون و بەشێکی دیکەی، کە ١٠٦ دەسنووسن ساڵی ١٨٧٢ ڕەوانەی موزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن کراون، کە لەوانە ٤٦ بە تورکی عوسمانیی، ٣٨یان بە عەرەبی، ٢٢یان بە زمانی فارسین و لەناو ئەم کۆمەڵە دەسنووسەی مۆزەخانەی لەندەن دەسنوسێکی نایابی تورکی تێدایە کە بریتییە لە وەرگێڕاوی شەرەفنامەی تێدایە، کە لە لایەن یەکێک لە بنەماڵەی شەرەفخانەوە تەرجەمەی تورکی کراوە. بەم پێیە لە کۆی ٢٦٠ دەسنووسەکانی ژابا ئەمڕۆ تەنیا ١٦٠ دانەی پارێزراون و نزیکەی ١٠٠ دەسنووسی دیار نین، کە وا پێدەچێ بەشێکی ئەم سەد دەسنووسە ونبووە لەبارەی کوردەوە بووبن. وا دیارە لە دەسپێکی ساڵانی هەشتاکانەوە پیری و نەخۆشی هێرشیان بۆ هێناو بەجۆرێک لە نامەیەکدا بۆ فێردیناند یوستی لە ١٢ مارتی ١٨٨١ دەنووسێ:"ڕاستیەکەی هێشتا چەند تێکستێکی دیکەی کوردییم لاماوە، بەڵام ئەفسوس چیتر ناتوانم بەهۆی باری لەشساغیمەوە: لاوازی قاچ، دەست و بینایم خەریکیان ببم".(نەجاتی عەبدوڵا. ٢٠١٠: ١٥)

مینۆرسکی لەبارەی ژابا و چارەنووسی ئەرشیفەکەیەوە دەڵێت:"کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد دەورەیان داوە و، بەیارمەتی ئەوان کۆمەڵێ وتاری نووسیوە و فەرهەنگێکی کورد – فەرەنسی داناوە، لەگەڵ کتێبێک دەربارەی چۆنێتی قسەکردن بە زمانی فەرەنسی و کوردی و لەدواییدا فەرهەنگێکی گەورەی فەرەنسی – ڕوسی – کوردی بەشێوەیەکی ئەکادیمیانەی زانستیی نووسیوە. بەڵام تەنیا ئەو دوو کارەی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە و ئیتر ئەو دوو کارەی تری، کە گرنگییەکی زانستییانەی گەورەیان هەیە پشتگوێخراون بە شانازییەوە ئەڵێم، من ئەوانەم بەرێکەوت دەسکەوت، لە ساڵی ١٩١٣دا نەوەکانی ژابا هەموو دەسنووسەکانی باپیرەیان دامێ و منیش هەموو توانای خۆم بەکارئەهێنم بۆ چاپکردنیان".(مینۆرسکی. ١٩٨٤: ١٠٠)

لە سایەی کارەکەی ڕودێنکۆوە ئاشکرا بوو، کە لە بەشی دەستنووسەکانی کتێبخانەی ساڵتیکۆڤ – شێدریندا کۆلێکسیۆنی ئەو دەسنووسە کوردییانە هەڵگیراون، کە ژابا کۆیکردبوونەوە(موسەیلیان. ١٩٨٥: ١٥٩)، کە لەناویاندا وەرگێڕدراوێکی دانراوەکەی شەرەفخانی بەدلیسیی بە دیالێکتی کورمانجی زمانی کوردیی پارێزراوە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، کەسایەتی کۆمەڵایەتیی ناسراو، مەلا مەحمودی بایەزیدیی لەژێر ناوی "تەواریخی قەدیمی کوردستان" ئەنجامی داوە، (ڕودێنکۆ، ١٩٧٩: ١٦٨-١٧٣) ساڵی ١٩٦٣ ش "عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە"ی مەلا

مەحمودی بایەزیدی وەرگێڕاوە و لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکدا لە مۆسکۆ بڵاوکردەوە؛ ساڵی ١٩٧٩ش "چەند گۆرانیەکی پرسە و شین"، لە کۆلێکسیۆنەکەی ژابا بڵاوکرایەوە.(ڕودێنکۆ، ١٩٧٩: ١٦٨-١٧٣).

ڕودێنکۆ کۆمەڵێک بەرهەمی تری کوردیی نایابی لەو بەرهەمە ئەدەبیە بەنرخانەی سەدەکانی ناوەڕاستی ناو ئەرشیفە بەنرخەکەی ژابای چاپکرد، لەوانە: "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی(ساڵی ١٩٦٢)؛ داستانی "شێخی سەنعان"ی فەقێ تەیران(سەدەی چواردەیەم)(ساڵی ١٩٦٥)؛ پۆێمای "لەیل و مەجنون"ی حاریسی بەدلیسیی(سەدەی هەژدەیەم)(ساڵی ١٩٦٥). بەڵام لوتکەی سەرکەوتنە داهێنەرانەکەی، بەرهەمەکەی(داستانی ئەدەبی و ڤێرژنە کوردییەکەی "یوسف و زولێخا" بوو، کە ساڵی ١٩٨٦ دوای مردنی چاپکرا. ناوی خودی دانەری ئەم داستانە، سەلیمی سلێمان، لە سایەی ئەو کۆلێکسیۆنەی ئەلکساندەر ژاباوە زانرا. (ڕودێنکۆ. ٢٠١٤: ١١)

ئاشکرایە، کە ئەلکساندەر ژابا یەکەم ڕۆژهەڵاتناس بوو، کە خۆی بۆ کوردناسیی تەرخان بکات، ئەو لە ساڵی ١٨٦٦دا واز لە کارە فەرمییەکەی دەهێنێت و دەگوازێتەوە بۆ شاری سمیرنا(ئیزمیری ئەمڕۆ) تا کۆتایی ژیانی سەرقاڵی کوردناسیی بووە، هەر بۆیە بە هەق ئەو دامەزرێنەری کوردناسیی ڕوسیایە. هەر لەم ڕووەوە ڕۆژهەڵاتناس چیخاچیۆڤ دەڵێت:"لێکۆڵینەوەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بەتوانایە لەبەر ئەوە هێندە جێگای سەرنجن، چونکە ئەم تاکە کەسێکە کە لەم ڕۆژگارەدا ئاوا سەرکەوتووانە خەریکی زمانی میللەتێکە، هێندە کەم ناسراوە و هێندەش دێرینە".(پیربال، ٢٠٠٩: ٣٩)

لە ڕێگەی کوردناسیی ڕوسیا و کاری کوردناسەکانیانەوە، کە پێشەنگیان ئەلکساندەر ژابا و پیوتەر لێرخ بوون، نەک تەنیا زۆر دەستنووسی کوردی و مێژوویی لەسەر کورد زیندووکرانەوە و مۆرکێکی زانستیی و ئەکادیمیی بە زانیاری لەسەر کورد و کوردستان بەخشرا، بەڵکو ئەو پەردە دوژمنکارە نازانستیانەش لەسەر کورد، وەک نەتەوەیەکی دڕندە و کێویی هەڵماڵرا، هەروەکو یێڤگێنیا ڤاسیلیێڤا لەم بارەیەوە دەڵێت:"گەلی کورد، هەروەک چۆن ڕۆژهەڵاتناسی هەرە بەناوبانگی ڕوسیا و سۆڤێت سەدەی بیستەم، ئۆربێلی(١٨٧٧ - ١٩٦١) دەڵێت:"(شەرەفنامە) کارێکی گەورەی کردۆتە سەر ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات و ئەم گەلە زۆر لە ڕۆڵەکانی خۆی لەژێر ناوی فارس و تورک و عەرەب و ئەرمەندا لەدەست داوە بەوەی ناویان وەك شاعیر و مۆسیقار و جەنگاوەری نەمر مێژووی چەند میللەتێک دەڕازێننەوە و ئەمەش کارێکی وەهای کردووە لە زانستی ئەوروپا و ڕوسدا وەها باو بێت، کە گوایە کورد نەک تەنیا ناتوانیت شتێکی نوێ لە ژیانی ڕۆشنبیریدا بهێنێتە کایەوە، بەڵکو توانای ئەوەشی نییە تەنانەت لە بێگانەیشەوە هیچ فێر بێت".(بەدلیسی، ١٩٧٣: ١٧١)

هەرچی یێڤگێنیا ڤاسیلێڤایە دەڵێت:"زانا ڕووسەکان و ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا، لە ئەنجامدانی ئەم کارانەدا دەورێکی گەورەیان بینی. هەر بەهۆی ئەمەشەوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا (ئەکادیمیای ڕووسیا) بووە مەڵبەندێکی ڕێکخەر و هەڵسوڕێنەری توێژینەوەی مێژوو، ئەتنۆگرافیا، زمان و ئەدەبی گەلی کورد. (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨: ٢٩٣)

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی:**


١ - ئەڤیریانۆڤ پ. ی. کورد لە جەنگی ڕوسیا لەگەڵ ئێران و تورکیادا، بارودۆخی سیاسیی کوردی تورکیا و ئێران و ڕوسیا. وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە: دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی. بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی – ٢٠٠٤.

٢- ئەرشاک سافرەستیان، کوردستان و کوردەکان. و.: خالد هەرکی، چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠.

٣- ئەفراسیاو هەورامی، کوردستانی پشت قەفقاس، دۆسیەی تاوانەکانی ڕژێمی سۆڤێت بەرامبەر بە کوردەکانی ئەو وڵاتە، بنکەی ژین، سلێمانی -٢٠٠٦.

٤- ئەسکەندەر، سەعد بەشیر، سەرهەڵدان و ڕوخانی سیستەمی میرنشینی لە کوردستان، و. جەوهەر کرمانج، سلێمانی– ٢٠٠٤.

٥- ئارام عەلی، پەیوەندی نێوان کورد و ڕوسیا کوردستانی قەفقاز یا سۆڤێتی. ستۆکهۆڵم – ١٩٩٩.

٦- بەدلیسی، شەرەفخان، شەرەفنامە، هەژار کردوویە بە کوردی، چاپخانەی نەعمان، نەجەف- ١٩٧٣.

٧- ژابا ئۆگۆست، فەرهەنگی کوردی – فەرەنسی. پێشەکی و وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە: د. نەجاتی عەبدوڵا، هەولێر – ٢٠١٠.

٨- جەلیلێ جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە: د. کاوس قەفتان. بغداد – ١٩٨٧.

٩- موسائیلیان ژ. س. ، بیبلۆگرافیای کوردناسی، کورد و کوردستان لە سەرچاوە ڕووسییەکاندا. وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە: ئەفراسیاو هەورامی، هەولێر – ٢٠١١.

١٠- مینۆرسکی، کورد، تێبینی و وردبوونەوە، د. مارف خەزنەدار کردوویەتی بە عەرەبی، حمە سعید حمەکریم کردوویەتی بە کوردی، هەولێر – ١٩٨٤.

١١- نەریمان مستەفا، بیبلیۆگرافیای دوو سەد ساڵی کتێبی کوردی ١٧٨٧- ١٩٨٧، کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد – ١٩٨٨

١٢- کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨، چەند وتارێکی کوردناسی، ئەنوەر قادر محەمەد لە ڕوسییەوە کردوونی بە کوردی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون، بنکەی ژین، سلێمانی – ٢٠٠٨.

١٣- فەرهاد پیرباڵ, کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە،.چاپی سێیەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ب. ش. چ.– ٢٠٠٩.

١٤- چریکۆڤ، "سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆڤ" ئامادەکردنی:عەلی ئەسغەر عومران، و. سەلاح نیساری، هەولێر – ٢٠١٣.

١٥- خالْفین ن. ئا.، خەبات لە ڕێ ی کوردستاندا، و. جەلال تەقی، چ. ڕاپەڕین ، سلێمانی– ١٩٧١.

**بە زمانی عەرەبی**

١٧- دانتسیغ، ب. م.، الرحالة الروس في الشرق الأوسط ، ترجمة: د. معروف خزندار، وزارة الثقافة و الاعلام – العراق – ١٩٨١.

١٨- لرخ، ب.، دراسات حول الكرد الأيرانيين و اسلافهم الكلدانيين الشماليين، ترجمة: د. عبدي حاجي، السليمانية – ٢٠٠٨.

١٩- زكي، محمد أمين، خلاصة تأريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التأريخية حتى الآن، ج. الاول. ط. ٢، بغداد – ١٩٦١.

**بە زمانی ڕوسی:**

20- Аверьянов П. И.. Курды в войнах России с Персией и Турцией в течкне XI X столетия. Тифлись – 1900.

ئەڤیریانۆڤ پ. ئی.، کورد لە جەنگەکانی ڕوسیا لەگەڵ پێرسیا و تورکیا لە سەدەی نۆزدەیمدا، تفلیس – ١٩٠٠.

21- Вартаньян Э. Г., Арам Али Мустафа. Курдская проблема и позиция России( СССР) в XI X- первой трети XX в. Краснодар – 2007.

ڤارتانیان ئێ گ.، ئارام عەلی، کێشەی کورد و هەڵویستی ڕوسیا(یەکێتی سۆڤێت) لە سەدەی نۆزدەیەم و سییەکانی سەدەی بیستەمدا، کراسنۆدار – ٢٠٠٧.

25- Дегоев Владимир Большая игра на Кавказе: история и современность. 2–е издание, Москва – 2003.

دێگۆیف ڤلادیمێر گەمە گەورەکە لە قەفقاز: مێژوو و سەردەم، بەرگی دووەم، مۆسکۆ – 3٢٠٠.

26- К у р д о е в К. Труды П. И. Лерха по курдоведению,. — ОИРВ, 1959.

کوردۆییف ک. کارەکانی پ. ئی. لێرخ لەبارەی کوردناسییەوە، مۆسکۆ - ١٩٥٩.

27- Лазарев М. С., Мгои Ш. Х. и др., История Курдистана, Москва – 1999.

لازەرێف م. س. و هیتر، مێژووی کوردستان، مۆسکۆ – ١٩٩٩.

28- Лактионов . А. История дипломатии. Москва – 2006.

لاکتیۆنۆڤ. ئا. مێژووی دیپڵۆماتیی، مۆسکۆ - ٢٠٠٦.

29- Лерх П.И. Исследования об иранских курдах и их предках северных халдеях. Кн. I I . СПб., 1857.

**لێرخ پ. ئی. لێکۆڵینەوە لەبارەی کورد ئێرانییەکان و خاڵدییەکانی باپیرانیان. کتێبی ٢ و ٣. سانکت پیتربورگ – ١٨٥٧.**

30- Мусаэлян Ж. С.. Библиография по курдоведению. Составитель, М, 1963.

موسەیلیان ژ. س. بیبلیۆگرافیای کوردناسیی، مۆسکۆ- ١٩٦٣.

31- Мусаэлян Ж.С. А.Д. Жаба и курдоведение / / ПП и ПИКНВ. М., 1991.

موسەیلیان ژ. س. ئا. د. ژابا و کوردناسیی، مۆسکۆ- ١٩٩١.

32- Мела Махмуд Байазиди.Таварих- и кадим- и Курдистан/ ( Древняя история Курдистана) . Т. 1. Изд. Текста. К.К. Курдоева и Ж.С. Мусаэлян. Москва- 1986.

موسەیلیان ژ. س. و کوردۆییف ک. ک.، مەلا مەحمودی بایەزیدیی، تەواریخی قەدیمی کوردستان(مێژووی کۆنی کوردستان)، مۆسکۆ – ١٩٨٦.

33- Мела Махмуд Баязиди. Нравы и обычаи курдов. Пер., предисл. и примеч. М.Б. Руденко. М., 1963.

ڕودێنکۆ م. ب.، مەلا مەحمودی بایەزیدیی، داب و نەریتی کورد، مۆسکۆ – ١٩٦٣.

34- Руденко М. Б.. Очерки среднвековой курдской литераторы. Санкт- Петербург – 2014.

ڕودێنکۆ م. ب. کورتەیەکی مێژووی ئەدەبی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، سانکت پیتربورگ – ٢٠١٤.

35- Перехова Я. А.( Отв. Ред.) . История России I X – XXI века, от Рюрика до Путина.. Москва – 2003.

پێریخۆڤا یا. ئا. مێژووی ڕوسیا سەدەکانی نۆیەم و بیست و یەکەم، لە ڕیوریکەوە بۆ پوتین، مۆسکۆ – ٢٠٠٣.

36- Пушкин А. С. Сочинения в трех томах, т. 3, / Путешествие в Арзрум во время похода 1829 г. Москва – 1986.

پوشکین ئا. س. دانراوەکان لە سێ بەرگدا، بەرگی ٣، گەشتێک بۆ ئەرزڕوم لە کاتی هێرشی ساڵی ١٨٢٩دا، مۆسکۆ – ١٩٨٦.

37- Троицкий Николай. Россия во главе Священного союза / / Россия в XI X в . Москва – 1997.

ترۆیتسکی نیکۆلای، ڕوسیا لە لوتکەی یەکێتی پیرۆزدا// ڕوسیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا، مۆسکۆ – ١٩٩٧.

38- Халфин Н. А.. Борьба за Курдистан ( курдиский вопрос в международных отношениях XI X в.) Москва – 1963.

خاڵفین ن. ئا. ململانێ لەسەر کوردستان(پرسی کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا)، مۆسکۆ – ١٩٦٣.

**به زمانی ئینگلیزی :**

39- J. Malcolm, The history of Persia from the most early period to the present time, v. 3, London1815 //www.wdl.org

مالکۆلم ج.، مێژووی پێرسیا(ئێران) له قۆناغیکی زۆر زووەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، بەرگی ٣، لەندەن – ١٨١٥.

**گۆڤاری زانستی:**

**به زمانی کوردی**

٤٧- گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ژ ٣٣، کانوونی دووەمی ٢٠١٢ ، "پەیوەندی نێوان کورد و ڕوس لە سەدەی دەیەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم" د. ئارام عەلی.

**به زمانی ڕوسی**

40- Письменные памятники Востока. Историко – филолгические исследованя. Москва – 1979./ / Руденко М. Б. Несколько курдских похороных песен из собрания рукописей Д. Жабы.

ڕودێنکۆ م. ب. دەستنووسەکانی ڕۆژهەڵات، توێژینەوە مێژووییە زمانەوانەکان، مۆسکۆ – ١٩٧٩.

41- ПисьменнЫе Памятники Востока 1 весна – лето 2004. РАН. Санкт- Петербургский филиал, Института востоковедения / / Ж. С. Мусаэлян. Мела Махмуд Баязиди и его первыйперевод «Шараф-наме» Шараф- хана Бидлиси на курдский язык.

ڕوسێنکۆ م. ب. مەلا مەحمودی بایەزیدیی و یەکە وەرگێڕانەکەی "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەدلیسی بۆ سەر زمانی کوردی// دەستنووسەکانی ڕۆژهەڵات، بەهار – هاوینی ٢٠٠٤، ئەکادیمیای زانستەکانی ڕوسیا، لقی سانکت پیتربورگ، ئینستیتوتی ڕۆژهەڵاتناسیی مۆسکۆ – ١٩٧٩.

**ڕۆژنامە:**

٤٢- ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"// (زیاتر لە ٨٠ دەستنووسی کوردی لە ڕوسیاوە گەڕێنرانەوە ماردین)، ژ. ٦٣٠٦، ٢٠١٤/٢/١٤

٤٣- ڕۆژنامەی "ئاوێنە"// د. جەبار قادر (ڕوسیا و کورد: دوو سەدە لەپشتگوێخستن)، ، ژ ٥٠٦٨، ٢٠١٦/٢/١.

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**

44- http://www.haberdiyarbakir.com
45-http://armenianhouse.org
46- https://www.wdl.org
47-http://www.madinacenter.com
48- https://kurdistan.ru